مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

**المخدرات والأمن الاجتماعي في إقليم كردستان العراق: دراسة نظرية من منظور علم الاجتماع الانحراف ومدرسة كوبنهاغن**

م.م. علي محي الدين قادر
قسم علم الاجتماع، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين - أربيل، كوردستان-العراق.
ali.sarbany@su.edu.krd
م.م. هژار لطيف صابر
قسم علم النفس، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين - أربيل، كوردستان-العراق.
hazhar.saber@su.edu.krd
م.م. ريبين كاكەمەم عمر
قسم اللغة الإنجليزية، كلية شقلاوة للتربية، جامعة صلاح الدين، أربيل، كوردستان-العراق.
rebin.omer@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: المخدرات، الأمن الإجتماعي ، علم اجتماع الانحراف، نظرية الأنومي، رأس المال الاجتماعي، إقليم كوردستان.

**كيفية اقتباس البحث**

قادر , علي محي الدين , هژار لطيف صابر , ريبين كاكەمەم عمر , المخدرات والأمن الاجتماعي في إقليم كردستان العراق: دراسة نظرية من منظور علم الاجتماع الانحراف ومدرسة كوبنهاغن,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# المخدرات والأمن الاجتماعي في إقليم كردستان العراق: دراسة نظرية من منظور علم الاجتماع الانحراف ومدرسة كوبنهاغن

**Narcotics and Societal Security in the Iraqi Kurdistan Region: A Theoretical Study from the Perspective of the Sociology of Deviance and the Copenhagen School**

Assist. Lect. Ali Mohiaddin Qadir
Department of Sociology / College of Arts / Salahaddin University-Erbil, Kurdistan-Iraq.
ali.sarbany@su.edu.krd

Assist. Lect. Hazhar Lateef Saber
Psychology Department, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan-Iraq.
hazhar.saber@su.edu.krd

Assist. Lect. Rebin Kakamam Omer
Department of English, Shaqlawa College of Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan-Iraq.
rebin.omer@su.edu.krd

**Keywords** : Narcotic substances, societal security, sociology of deviance, anomie theory, social capital, Kurdistan Region.

**How To Cite This Article**
Qadir , Ali Mohiaddin ,Hazhar Lateef Saber ,Rebin Kakamam Omer , Narcotics and Societal Security in the Iraqi Kurdistan Region: A Theoretical Study from the Perspective of the Sociology of Deviance and the Copenhagen School ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**الملخص:**

تُجري هذه الدراسة قراءة متعددة الأبعاد لظاهرة انتشار المواد المخدرة في إقليم كوردستان العراق، وتعرّفها كتهديد بنيوي وجوهري لركائز الأمن الإجتماعي. يتمثل الهدف الرئيس للبحث في صياغة إطار نظري متكامل يدمج مفهوم الأمن الإجتماعي من منظور "مدرسة كوبنهاغن" مع نظريات علم اجتماع الانحراف ومفهوم رأس المال الاجتماعي. اعتمدت الدراسة على منهج التحليل المفاهيمي والقراءة

الوثائقية، مستفيدة من الدراسات المُحكّمة الصادرة بين عامي (٢٠٢١-٢٠٢٦) والتقارير الرسمية لمكتب الأمم المتحدة المعني بالمخدرات والجريمة (UNODC).تُظهر تحليلات الدراسة أن موقع العراق وإقليم كوردستان قد تحول من مجرد ممر للعبور (ترانزيت) إلى سوق للاستهلاك والطلب الداخلي، وهذا التحول الجيوسياسي والاقتصادي أدى إلى انتقال مصدر التهديد من مستوى حماية الحدود إلى قلب البنية الاجتماعية. وفي هذا الإطار، يحدد البحث أربعة اتجاهات رئيسة للتحليل: أولاً، الاتجاه المعياري النابع من حالة "الأنومي" (Anomie) وتفكك منظومة القيم؛ ثانياً، الاتجاه الشعوري الذي يحلل الدوافع النفسية للفرد بناءً على نظرية الضغط العام؛ ثالثاً، الاتجاه التفاعلي المستمد من مفاهيم الرابطة الاجتماعية والتعلم الاجتماعي؛ ورابعاً، الاتجاه البنيوي المرتبط مباشرة بضعف رأس المال الاجتماعي.إن تضافر هذه الاتجاهات الأربعة يؤدي إلى تقويض الركائز الثلاث للأمن الإجتماعي (وحدة القيم، الثقة البينية، وإعادة الإنتاج الجيلي)، مما يخلق حلقة مفرغة تعيد فيها الأزمات إنتاج نفسها. كما خلصت التحليلات إلى نتيجة مفادها أن ظاهرة المخدرات تضرب المؤسسات والروابط التي يُفترض أن تعمل كخطوط دفاع اجتماعي (كالأسرة، وشبكات القرابة، والثقة)، وهذه الطبيعة المزدوجة للمشكلة تفسر سبب عجز الإجراءات الأمنية والشرطية الصارمة عن كسر سلسلة تطور الظاهرة في حال غياب الأبعاد الاجتماعية. ختاماً، تؤكد الدراسة أن اختزال هذه الظاهرة في بعدها الأمني البحت يؤدي إلى تهميش المسببات الاجتماعية ويحد من فاعلية الحلول؛ لذا فإن صياغة سياسة وطنية شاملة تدمج حماية رأس المال الاجتماعي والتدابير الوقائية وعلاج الإدمان ضمن الاستراتيجيات الأمنية، تمثل الأساس العلمي الأكثر فاعلية للمواجهة.

**Abstract:**

This study offers a multidimensional reading of the spread of narcotic substances in the Kurdistan Region of Iraq and treats the phenomenon as a structural threat to the foundations of societal security. Its central aim is to construct an integrated theoretical framework in which the concept of societal security, as formulated by the Copenhagen School, is combined with sociological theories of deviance and with the concept of social capital. The study rests on conceptual analysis and documentary reading, drawing on peer-reviewed research published between 2021 and 2026 together with official reports of the United Nations Office on Drugs and Crime (UNODC). The analysis shows that the position of Iraq and the Kurdistan Region has shifted from a transit corridor towards a market of internal demand, and that this geopolitical and economic turn has moved the source of the threat from the level of border protection into the core of the social structure. Within this framework the study identifies four interconnected pathways: a normative pathway rooted in anomie and the erosion of the value system; an emotional pathway that accounts for individual motivation through general strain theory; a relational pathway drawn from social bond and social learning theory; and a structural pathway tied to the weakening of social capital. Acting together, these pathways erode the three components of societal security, namely the coherence of shared values, interpersonal trust and generational reproduction, and generate a circular process in which each crisis reproduces the others. The study concludes that a purely security-centred reading marginalises social causation, and it argues for a comprehensive



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

national policy that joins the protection of social capital, prevention and treatment with security strategies.

**مادده هۆشبەرەکان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق: خوێندنەوەیەکی تیۆری لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی لادان و قوتابخانەی کۆپنهاگن**

م.ی. علی محی الدین قادر
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، کوردستان-عێراق
ali.sarbany@su.edu.krd
م.ی. هژار لطیف صابر
بەشی دەرونزانی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، کوردستان-عێراق
hazhar.saber@su.edu.krd
م.ی. ڕێبین کاکەمەم عومەر
بەشی زمانی ئینگلیزی، کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، کوردستان-عێراق.
rebin.omer@su.edu.krd

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە خوێندنەوەیەکی فرەڕەهەند بۆ پرسی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجام دەدات و وەک هەڕەشەیەکی بونیادی و جەوهەری بۆ سەر پایەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەیناسێنێت. ئامانجی سەرەکیی دارشتنی چوارچێوەیەکی تیۆریی یەکگرتووە کە تێیدا چەمکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە گۆشەنیگای قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە لەگەڵ تیۆرە کۆمەڵناسییەکانی لادان و چەمکی سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا ئاوێتە دەکرێت. توێژینەوەکە لەسەر میتۆدی شیکاریی چەمکی و خوێندنەوەی بەڵگەنامەیی بونیاد نراوە، کە تێیدا سوود لە توێژینەوە هەڵسەنگێنراوەکانی مەودای ساڵانی ٢٠٢١ بۆ ٢٠٢٦ و ڕاپۆرتە فەرمییەکانی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مادده هۆشبەرەکان و تاوان (UNODC) وەرگیراوە. شیکارییەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریدەخەن کە پێگەی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ڕێڕەوی ترانزیتەوە بۆ بازاڕێکی خواستی ناوخۆیی گۆڕاوە، ئەم وەرچەرخانە جیۆ-سیاسی و ئابوورییەش وای کردووە سەرچاوەی هەڕەشەکە لە ئاستی پاراستنی سنوورەکانەوە بگوازرێتەوە بۆ ناو جەرگەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی. لەم چوارچێوەیەدا، توێژینەوەکە چوار ئاراستەی سەرەکیی دیاری دەکات: یەکەم،ئاراستەی نۆرمەتیف کە لە دۆخی ئەنۆمی و تێکچوونی سیستەمی بەهاکانەوە سەرچاوە دەگرێت؛ دووەم، ئاراستەی هەستەکی کە لەسەر بنەمای تیۆری فشاری گشتی شیکاری بۆ پاڵنەرە دەروونییەکانی تاک دەکات؛ سێیەم، ئاراستەی کارلێکی کە لە چەمکەکانی بەندی کۆمەڵایەتی و فێربوونی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت؛ و چوارەم، ئاراستەی پێکهاتەیی کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پرۆسەی لاوازبوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتییەوە. کۆبوونەوەی ئەم چوار ئاراستەیە پێکەوە، هەر سێ ڕەگەزە بنەڕەتییەکەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی (یەکپارچەیی بەهاکان، متمانەی نێوان تاکەکان و بەرهەمهێنانەوەی نەوەیی) بەرەو لاوازی و داتەپین دەبەن و بازنەیەکی خەوشدار دروست دەکەن کە تێیدا قەیرانەکان یەکتر بەرهەم دەهێننەوە. هەروەها شیکارییەکان گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامە دژواتەیەی کە دیاردەی مادده هۆشبەرەکان زیان بەو پێکهاتە و ناوەندانە دەگەیەنێت کە بڕیارە وەک هێڵی بەرگریی کۆمەڵایەتی کار بکەن، وەک (خێزان، تۆڕە خزمایەتییەکان و متمانە)، هەر ئەم سروشتە دووفاقەییەی کێشەکە پاساوی ئەوە دەداتەوە، کە بۆچی ڕێکارە توندە ئەمنی و پۆلیسییەکان، لە غیابی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە پچڕاندنی زنجیرەی پەرەسەندنی ئەم دیاردەیەدا دەستەوەستانن. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە جەخت ئەوە دەکاتەوە کە تێگەیشتن لەم دیاردەیە تەنها وەک پرسێکی ئەمنیی رووت و بێ ڕەهەند، دەبێتە هۆی پەراوێزخستنی

هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و کارایيەکی سنوورداری دەبێت؛ بۆیە داڕشتنی سیاسەتێکی نیشتمانیی هەمەلایەنە کە تێیدا پاراستنی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، ڕێکارە پێشگیرانەکان و چارەسەری ئالوودەبووان لەگەڵ ستراتیژە ئەمنییەکاندا یەکبخرێن، وەک بنەمایەکی زانستیانەتر و کاریگەرتر بۆ بەرەنگاربوونەوە.

**کلیلەوشەکان:** ماددە هۆشبەرەکان، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسیی لادان، تیۆری ئەنۆمی، سەرمایەی کۆمەڵایەتی، هەرێمی کوردستان.

## پێشەکی

بازاڕی جیهانیی ماددە هۆشبەرەکان لە دوو دەیەی ڕابردوودا بەردەوام لە فراوانبووندا بووە. ڕاپۆرتی جیهانیی ماددە هۆشبەرەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٥ ئاماژە بەوە دەکات کە ژمارەی بەکارهێنەران لە ساڵی ٢٠٢٣دا گەیشتووەتە نزیکەی ٣١٦ ملیۆن کەس لە تەمەنی نێوان ١٥ تا ٦٤ ساڵی ( UNODC, ٢٠٢٥). ئەم ژمارانە قەبارەی دیاردەکە دەردەخەن، بەڵام واتا کۆمەڵناسییەکەیان قووڵترە؛ هەر زیادبوونێکی بەرفراوان لە بەکارهێنانداا دەرئەنجامی کارلێکی زنجیرەیەک فاکتەری جەوهەریە کە لە قەیرانی ئابووری و شەڕ و ئاوارەیی و لاوازیی دامەزراوەکانەوە سەرچاوە دەگرن، و لە هەمان کاتدا خۆیان دەبنە هۆکاری قووڵترکردنەوەی هەمان ئەو قەیرانانە. لەم چوارچێوە جیهانییەدا، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێگەیەکی تایبەتی هەیە. لە ساڵی ٢٠١١ەوە شەڕی ناوخۆی سووریا ژێرخانی بەرهەمهێنانی حەبی کاپتاگۆنی لە ناوچەکەدا دروست کرد و ئەم بازرگانییە نایاساییە بووە سەرچاوەی داهات بۆ ئەکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان **(Rose, 2023, p. 298)**. توێژینەوەکانی ئەم دواییانە پیشانی دەدەن کە ڕەوتی کاپتاگۆن ڕێگا نوێیەکانی بەناو عێراقدا بۆ خۆی کردووەتەوە و ڕێڕەوەکان بەرەبەرە دەبنە بازاڕی بەکارهێنان (Steenkamp, 2024, p. 482). لە بەرامبەری ئەم ڕەوتەوە، ڕەوتێکی هاوتەریی مێتامفیتامین لە ڕۆژهەڵاتەوە گەشەی کردووە و عێراق خستووەتە نێوان دوو زنجیرەی دابینکردنەوە کە لە ناوەڕاستدا یەکدەگرنەوە ( UNODC, ٢٠٢٤). بەم پێیە، هەرێمی کوردستان بەهۆی درێژیی سنوورەکانی و ئەو دۆخە ئابووری و سیاسییەی پێیدا تێپەڕیوە، بەشێکی جیانەکراوەی ئەم وێنە هەرێمییەیە. توێژینەوە ناوخۆییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دیاردەکە لەم ساڵانەی دواییدا بە خێرایی گەشەی کردووە و بووەتە هەڕەشەیەک لەسەر ئاسایشی تاک و خێزان و کۆمەڵگا ( Ahmed & Hamasalih, 2025, p. 210)، لە کاتێکدا داتا کلینیکییەکانی هەولێر دەریدەخەن کە مێتامفیتامین بووەتە باوترین ماددە لەناو ئەو کەسانەی ڕوو لە چارەسەر دەکەن (Saeed, 2024, p. 5). لەسەر ئەم بنەمایە، ئەم توێژینەوەیە لە پێنج بەشدا ڕێک خراوە: بەشی یەکەم چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە دەگرێتەوە، بەشی دووەم ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی دیاردەکە، بەشی سێیەم خوێندنەوەی دیاردەکە لە تیۆری لاداندا، بەشی چوارەم پەیوەندیی دیاردەکە بە قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە، و بەشی پێنجەمیش شیکردنەوەی دۆخی هەرێمی کوردستان.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### ١,١. کێشەی توێژینەوەکە

کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەو مشتومڕەدا چەقی بەستووە کە لە نێوان قەبارەی واقیعیی دیاردەی ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستاندا و ئاستی تێگەیشتنی تیۆریدا هەیە. زۆرینەی ئەو توێژینەوانەی کە لە ناوچەکەدا ئەنجام دراون یان لە گۆشەنیگای یاسایی و ئەمنییەوە دیاردەکە دەخوێننەوە و دەیکەنە پرسی سنوور و دەستبەسەرداگرتن و سزا، یان لە گۆشەنیگای تەندروستی و دەروونییەوە دەیکەنە پرسی

نەخۆشی و چارەسەر. ئەوەی لە نێوان ئەم دوو ڕوانگەیەدا پەراوێز دەخرێت، ئەو پەیوەندییە جەوهەرییەیە کە دیاردەکە بە توانای کۆمەڵگاوە دەبەستێتەوە بۆ پاراستنی بەهاکانی و متمانەی نێوان ئەندامانی و بەردەوامیی شێوازی ژیانی، واتە ئەوەی لە ئەدەبیاتی خوێندنەوەی ئەمنیدا بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی ناودەبرێت (Buzan, Wæver and de Wilde, ١٩٩٨). ئەم کەلێنە لە حاڵەتی هەرێمدا ڕوونترە، چونکە ئەو توێژینەوانەی بەردەستن بە زۆری وەسفین و دیاردەکە لە چوارچێوەی ئاسایشی نیشتمانیدا پۆلێن دەکەن یان بە یەکێک لە هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی ناوی دەبەن، بەبێ ئەوەی میکانیزمە کۆمەڵناسییەکانی ئەم هەڕەشەیە شی بکەنەوە (Ahmed & Hamasalih, 2025, p. 232)، لە کاتێکدا ئەدەبیاتی جیهانیی کۆمەڵناسیی لادان هەمان ئەم میکانیزمانەی بە تەواوی تاقی کردووەتەوە بەڵام بە دەگمەن بە چەمکی ئاسایشی کۆمەڵایەتییەوە بەستووەتەوە. لێرەوە کێشەکە بەم شێوەیە دادەڕێژرێت: لە نەبوونی چوارچێوەیەکی تیۆریی یەکگرتوودا کە پەیوەندیی نێوان بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و لاوازبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ڕوون بکاتەوە، شیکردنەوەکان لە ئاستی وەسفی ڕووداو و ژماردنی ئامار دەمێننەوە و ناگەنە ئاستی تێگەیشتنێکی هۆکارمەندانە کە بتوانێت بنەمای سیاسەتدانان و توێژینەوەی مەیدانیی داهاتوو بێت.لێرەدا دەکرێت لەم دوو پرسیارە سەرەکیەدا بدۆزینەوە : **چەمکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە چۆن دەتوانرێت بۆ خوێندنەوەی دیاردەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەکاربهێنرێت؟ و تیۆرەکانی کۆمەڵناسی لادان چ میکانیزمگەلێک بۆ ڕوونکردنەوەی بڵاوبوونەوەی دیاردەکە دەخەنە بەردەست و بەڵگە مەیدانیە نوێیەکان تا چ ئاستێک پشتگیرییان دەکەن؟**

### ١,٢. گرنگیی توێژینەوەکە

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە دوو ئاستدا خۆی دەنوێنێت. لە ئاستی تیۆریدا، توێژینەوەکە هەوڵ دەدات پردێک لە نێوان دوو بواری زانستێدا دروست بکات کە بە زۆری بە جیا توێژینەوەیان لەسەر کراوە: لایەک خوێندنەوەی ئەمنی و چەمکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، و لایەکی تر کۆمەڵناسیی لادان و تاوان. لە ئاستی پراکتیکیدا، توێژینەوەکە دەتوانێت بنەمایەکی زانستی بۆ ئەو سیاسەتانە دابین بکات کە دامەزراوەکانی هەرێم لە بەرەنگاربوونەوەی دیاردەکەدا دایاندەڕێژن، بە تایبەتی لەو ڕووەوە کە شیکارییەکە پیشانی دەدات چارەسەری ئەمنی بەخۆی بەشێکی کەمی هۆکارە بنەڕەتییەکان دەگرێتەوە. جگە لەمە، توێژینەوەکە بەشدارییەکی مێتۆدۆلۆژیشی هەیە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە زۆربەی ئەو توێژینەوانەی لە هەرێمدا لەسەر دیاردەکە کراون یان کلینیکین و لەسەر نموونەی نەخۆشەکان کار دەکەن، یان یاسایین و لەسەر دەقی یاساکان دەوەستن. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات ئاستێکی تری شیکاری زیاد بکات کە تێدا بەڵگە کلینیکی و یاسایی و ئەمنییەکان لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵناسیی یەکگرتوودا پێکەوە دەخوێنرێنەوە. بەم شێوەیە، توێژینەوەکە پرسیارە نوێیەکان دەخاتە ڕوو و میتۆدێکی نوێی خوێندنەوەش پێشکەش دەکات کە دەتوانێت بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو سوودبەخش بێت. سەرەڕای ئەمانە، گرنگیی ئەم کێشەیە لەوەدایە کە بەبێ چوارچێوەیەکی تیۆریی گونجاو، سیاسەتدانان لەسەر بنەمای وێنەیەکی ناتەواو دەبێت. ئەگەر دیاردەکە بە پرسێکی ئەمنی و بەس تێبگەیێنرێت، ئەوا وەڵامەکانیش ئەمنی دەبن و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان پشتگوێ دەخرێن؛ ئەگەر بە پرسێکی تەندروستی و بەس تێبگەیێنرێت، ئەوا لایەنی پێکهاتەیی و ئابووریی دیاردەکە لەبەرچاو ناگیرێت. هەر خوێندنەوەیەکی یەکگرتوو کە هەردوو لایەن پێکەوە ببەستێتەوە، دەتوانێت وەڵامێکی هەمەلایەنە بۆ پرسەکە بدۆزێتەوە، و ئەمە بەشێکی سەرەکی ئەو ئەرکەیە کە ئەم توێژینەوەیە لە ئەستۆی گرتووە.

### ١,٣. ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئامانجی گشتیی توێژینەوەکە بریتییە لە دامەزراندنی خوێندنەوەیەکی تیۆریی یەکگرتوو بۆ پەیوەندیی نێوان بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا. لەژێر ئەم ئامانجە گشتییەدا ئامانجە تایبەتییەکان بەم شێوەیەن:

١,٣,١. ڕوونکردنەوەی چەمکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی بە دیاردەی مادده هۆشبەرەکانەوە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی لادان و قوتابخانەی کۆپنهاگندا.

١,٣,٢. تاقیکردنەوەی کارایی تیۆرەکانی لادانی کۆمەڵایەتی بۆ لێکدانەوەی واقیعی نوێ، بەپێی ئەو ئامارانەی لە ماوەی ساڵانی ٢٠٢١ بۆ ٢٠٢٦ لە هەرێمی کوردستاندا کۆکراونەتەوە.

### ١,٤. میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی تیۆری و چەمکییە. میتۆدی وسفی شیکاری گرتۆتەبەر، کە تێدا چەمکەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و مادده هۆشبەرەکان و سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە سەرچاوە ڕەسەنەکانەوە هەڵدەهێنجرێن و پێناسە دەکرێن و پەیوەندییە لۆژیکییەکانی نێوانیان دادەڕێژرێت. هەروەها خوێندنەوەی بەڵگەنامەییە، کە تێدا توێژینەوە هەڵسەنگێنراوەکان و ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان بە داتای دەستەدوو بەکاردەهێنرێن بۆ تاقیکردنەوەی توانای ڕوونکردنەوەی چوارچێوە تیۆرییەکە لە کۆنتێکستی هەرێمی کوردستاندا. هەڵبژاردنی ئەم میتۆدە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار: یەکەم، پرسیاری بنەڕەتیی توێژینەوەکە پرسیارێکی چەمکییە و پێش هەر پێوانەیەکی مەیدانی پێویستی بە داڕشتنی چوارچێوەیەکی تیۆری هەیە؛ دووەم، لە هەرێمی کوردستاندا داتای مەیدانیی ستانداردکراو لەسەر بڵاوبوونەوەی دیاردەکە هێشتا کەم و پەرتەوازەیە، بۆیە توێژینەوەیەکی چەمکی کە بەڵگە بەردەستەکان ڕێک بخات، خۆی پێشمەرجی توێژینەوەی مەیدانیی داهاتووە. لە پاڵ ئەم دوو میتۆدەدا، سەرچاوەکانی توێژینەوەکە بەپێی سێ پێوەر هەڵبژێردراون. پێوەری یەکەم کوالیتیی زانستییە و لەبەر ئەوە زۆرینەی سەرچاوەکان توێژینەوەی هەڵسەنگێنراوی بڵاوکراوە لە گۆڤارە ئیندێکسکراوەکاندا و خاوەنی ژمارەی دیجیتاڵیی ناسێنەرن. پێوەری دووەم نوێبوونە و لەبەر ئەوە جگە لە دەقە کلاسیکییە تیۆرییەکان، سەرچاوە مەیدانییەکان لە نێوان ساڵانی ٢٠٢١ و ٢٠٢٦دا بڵاوکراونەتەوە. پێوەری سێیەمیش پەیوەندیدارییە بە کۆنتێکستی توێژینەوەکەوە، بۆیە توێژینەوەکانی سەر عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پێشینەدان و ڕاپۆرتەکانی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مادده هۆشبەرەکان و تاوان بە سەرچاوەی فەرمیی داتای هەرێمی بەکارهێنراون. شیکارییەکە بە شێوەی تێمی ئەنجام دراوە؛ واتە بەڵگەکان لە دەوری تێمە بنەڕەتییەکانی چوارچێوە تیۆرییەکەدا کۆکراونەتەوە و لە بەشەکانی داهاتوودا بەپێی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و تیۆری و ئەمنییەکان خراونەتە بەر گفتوگۆ. بەم شێوەیە، توێژینەوەکە خۆی بە جێگرەوەی توێژینەوەی مەیدانی دانانێت و ئامانجی داڕشتنی ئەو چوارچێوەیەیە کە پێوانەی مەیدانیی داهاتوو دەکرێت لەسەری بونیاد بنرێت.

### ١,٥. پێناسەی چەمکەکان

بۆ بەهێزکردنی ڕەهەندی شیکاریی بابەتەکە، هەر یەک لەم چەمکانە لە ڕوانگەی دوو تیۆریستی جیاوازەوە تاوتوێ دەکرێن؛ ئەمەش بە ئامانجی بەرجەستەکردنی ئەو دیالێکتیک و ململانێ مەعریفییەی کە لە ناوەڕۆکی ئەم تیۆرانەدا هەیە.

#### ١,٥,١. مادده هۆشبەرەکان

بۆ تێگەیشتن لەم دیاردەیە، ڕووبەڕووی دیالێکتیکێکی مەعریفی دەبینەوە لە نێوان دوو دیدگای جیاوازدا؛ لە لایەکەوە، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) ڕێبازێکی بایۆ-پزیشکی و پۆزەتیڤستی

دەگرێتە بەر و پێناسەیەکی ماددیی ڕووت بۆ مادده هۆشبەرەکان دەخاتە ڕوو. لەم ڕوانگەیەوە، ماددەی هۆشبەر بریتییە لە هەر پێکهاتەیەکی کیمیایی کە دوای چوونە ناو جەستە، کارلێک لەگەڵ پرۆسە دەروونییەکاندا دەکات و دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە هۆشیاری، هەست و ڕەفتاری تاکدا (WHO, 1994).

لە بەرانبەر ئەم تێڕوانینە ماددییەدا، هاوارد بەکەر لە چوارچێوەی کۆمەڵناسیی لادانەدا، ڕوانگەیەکی بونیادگەرانە پێشکەش دەکات کە تەواو جیاوازە. بەکەر پێی وایە پێکهاتەی کیمیایی و مۆلیکولیی ماددەکە بە تەنیا پێگە و ناونیشانی ماددەکە دیاری ناکات؛ چونکە هەمان مۆلیکول لە کۆنتێکستێکی پزیشکیدا وەک دەرمان و لە ژینگەیەکی تری کۆمەڵایەتیدا وەک کاڵایەکی قەدەغە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. لێرەوە، بەکەر تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە بابەتی سەرەکیی شیکاری، نەک خودی ماددەکە، بەڵکو ئەو پرۆسە سۆسیۆ-یاسایی و ڕێسادانانە کۆمەڵایەتییانەیە کە سنووری نێوان ڕێپێدراو و قەدەغەکراو دیاری دەکەن (Becker, 1963).

### ١,٥,٢. ئاسایشی کۆمەڵایەتی

لە ئاستی تیۆریی سیاسی و ئەمنیدا، باری بازان، ئۆلە ڤێڤەر و یاپ دی ڤایلد، وەک پێشەنگانی قوتابخانەی کۆپنهاگن، چەمکی ئاسایشی کۆمەڵایەتییانلەناو کەرتی کۆمەڵایەتیدا چوارچێوەبەند کرد. ئەوان ئەم چەمکەیان وەک توانای کۆمەڵگە بۆ پاراستنی کاراکتەری جەوهەری و بەردەوامیی شوناسی خۆی لەژێر فشاری گۆڕانکارییەکاندا پێناسە کرد. بایەخی ستراتیژیی ئەم دارشتنە لەوەدایە کە تەوەری ئاسایش لە دەوڵەتەوە بۆ کۆمەڵگە دەگوازێتەوە؛ ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە کۆمەڵگە دەکرێت ڕووبەڕووی هەڕەشەی بونیادی ببێتەوە و هەست بە نائارامی بکات، تەنانەت ئەگەر دەوڵەت لە ڕووی سەربازی و سەروەرییەوە لەوپەڕی پارێزراویدا بێت (Buzan, Wæver and de Wilde, 1998).

لە بەرانبەردا، بیل مەکسوینی ڕەخنەیەکی بونیادگەرانە ئاراستەی ئەم تێڕوانینە دەکات. مەکسوینی تانە لەو گریمانەیە دەدات کە شوناس وەک ڕاستییەکی بابەتیی جێگیر و وەستاو وێنا دەکات؛ بە بڕوای ئەو، شوناسی کۆمەڵایەتی شتێکی پێشوەختە نییە کە تەنها پێویستی بە پاراستن بێت، بەڵکو پرۆسەیەکی دینامیکی و بەردەوامی بونیادنانە کە لە ڕێگەی کارلێکی ڕۆژانەی تاکەکانەوە شێوە دەگرێت. لێرەوە، مەکسوینی پێی وایە چەقین لەسەر شوناسێکی جێگیر، دەبێتە هۆی پشتگوێخستنی ئەو گۆڕانکارییە دەروونی و کۆمەڵایەتییە پێویستانەی کە کۆمەڵگە بۆ گەشەکردن پێویستی پێیانە (McSweeney, 1996, p. 87). هەروەها، تیۆری باڵزاک گۆشەنیگایەکی جیاواز دەخاتە ڕوو و لەو تێگەیشتنە کلاسیکییەی قوتابخانەی کۆپنهاگن دوور دەکەوێتەوە کە بەئاسایشکردن تەنها وەک کردەیەکی وتەیی دەبینێت. باڵزاک پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئەم پرۆسەیە لە بنەڕەتدا پراکتیکێکی کۆمەڵایەتییە و دەرئەنجامی کارلێکە نەک تەنها دەربڕینێکی زمانەوانیی ڕووت. لە شیکارییەکەیدا، باڵزاک سێ مەرجی جەوهەری بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی بەئاسایشکردن دیاری دەکات: یەکەم، پەسەندکردنی گوتارەکە لەلایەن گوێگرانەوە؛ دووەم، هاوئاهەنگی و گونجانی گوتارەکە لەگەڵ کۆنتێکست و بارودۆخی بابەتیی مێژووییدا؛ و سێیەم، سروشتی دابەشبوونی هێز لە نێوان ئەکتەرەکاندا. بەپێی ئەم دیدگایە، تەنها ڕاگەیاندنی وتەی ئەمنی یان گوتاری هەڕەشە بە تەنیا بەس نییە بۆ دروستکردنی دۆخێکی نائاسایی، بەڵکو دەبێت زەمینە سۆسیۆ-سیاسییەکە و هاوسەنگیی هێز ڕێگە بەو وەرچەرخانە بدەن (Balzacq, 2005, p. 185).

### لادانی کۆمەڵایەتی

له پانتایی کۆمەڵناسیی لاداندا، ڕۆبەرت میرتۆن له چوارچێوەی تیۆریی فشاردا، لادان وەک دەرئەنجامی لێکدابڕانێکی پێکهاتەیی له قەڵەم دەدات؛ ئەو کەلێنەی که له نێوان ئامانجه کلتوورییه پەسەندکراوەکان و ئەو ڕێگه ڕەوا و دەزگاییانەی بۆ گەیشتن بەو ئامانجانه فەراهەم کراون، دروست دەبێت. لەم سۆنگەیەوە، ڕەفتاری لادەرانه وەک جۆرێک له میکانیزمی گونجاندن لەگەڵ ئەو دۆخه فشاراوییەدا وێنا دەکرێت که تێیدا تاک بەهۆی نایەکسانیی دەرفەتەکانەوە، ناتوانێت له ڕێگه فەرمییەکانەوە بگاته خواسته کلتوورییەکانی (Merton, 1938, p. 678).لەنێو هەمان کایەدا، هاوارد بەکەر له ڕێگەی تیۆریی نیشانەدانانەوە ، جەخت لەوە دەکاتەوە که هیچ کردەیەک له خودی خۆیدا وەک لادان هەژمار ناکرێت. به بڕوای بەکەر، لادان پرۆسەیەکی بونیادنراوی کۆمەڵایەتییە؛ گرووپە کۆمەڵایەتییەکان ڕێسا و نۆرمەکان دادەنێن و کاتێک ئەم پێوەرانه بەسەر تاکێکی دیاریکراودا دەچەسپێنن، ئەو کەسه وەک لادەر پێناسه دەکرێت. لێرەوە، سەرچاوەی لادان له وەڵامدانەوەی کۆمەڵگه و کاردانەوەی دەوروبەردایە، نەک له تایبەتمەندییەکی زاتیی ناو خودی ڕەفتارەکه (Becker, 1963).

### ١,٥,٣. سەرمایەی کۆمەڵایەتی

له کایەی شیکاریی سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا، پییر بۆردیۆ ڕوانگەیەکی ڕەخنەیی پێشکەش دەکات و ئەم چەمکه وەک کۆی ئەو سەرچاوه ئەگەرییانه پێناسه دەکات که له خاوەندارێتیی تۆڕێکی جێگیری پەیوەندییه ناسیارییەکان و ناسینەوەی دوولایەنەی ڕێکخراوەوە سەرچاوه دەگرن. له دیدی بۆردیۆدا، جەوهەری ئەم سەرمایەیه له توانای گۆڕانیدایه بۆ سەرمایەی ئابووری و کلتووری؛ هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیه که سەرمایەی کۆمەڵایەتی دەبێته ئامرازێکی بونیادی بۆ چەسپاندن و بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی، نەک تەنها وەک سەرچاوەیەکی بێلایەن (Bourdieu, 1986, p. 248).له بەرانبەر ئەم تێڕوانینەدا، ڕۆبەرت پوتنام و ئیچیرۆ کاواچی دیدێکی تۆڕەیی و کارکردی دەخەنه ڕوو. ئەوان سەرمایەی کۆمەڵایەتی وەک کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی (لەوانه: تۆڕەکان، نۆرمەکان و متمانەی گشتی) پێناسه دەکەن، که وەک هێزێکی یەکخەرەوە کار دەکەن بۆ ئاسانکاریی هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگه به مەبەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندیی هاوبەش. لێرەدا، سەرمایەی کۆمەڵایەتی وەک چاکەی گشتی دەبینرێت که کارایی و جومگەکانی کۆمەڵگه بەهێز دەکات (Putnam, 2000).

### ١,٥,٤. ئەنۆمی

له پانتایی تیۆریی کۆمەڵناسیدا، ئێمیل دورکایم چەمکی ئەنۆمی وەک دۆخێکی بێسەروبەریی نۆرمەتیف یان لاوازبوونی توانای ڕێکخستنه ڕەوشتییەکانی کۆمەڵگه لێکدەداتەوە، که به پلەی یەکەم له قۆناغی وەرچەرخان و گۆڕانکارییه خێرا کۆمەڵایەتییەکاندا سەرهەڵدەدات. لەم دۆخەدا، نۆرم و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان کارایی خۆیان له دەست دەدەن و ناتوانن سنوورێک بۆ ئاوات و خواسته بێسنوورەکانی تاک دابنێن؛ هەر ئەم بێ سنوورییەی ئاواتەکان و نەبوونی چوارچێوەیەکی ڕێکخەر، دەبێته سەرچاوەی قەیران و تەنگژەیەکی بونیادی (Durkheim, 1951 [1897]).

له بەرانبەردا، ڕۆبەرت میرتۆن ئەم چەمکەی له ئاستی تێڕوانینی دەروونی-کۆمەڵایەتییەوە بۆ ئاستی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی گواستەوە. میرتۆن ئەنۆمی وەک دەرئەنجامی ئەو درز و لێکدابڕانه پێناسه دەکاتەوە که له نێوان ئامانجه کلتوورییه بەرزەکان و ئەو ئامرازه دامەزراوەیی و ڕەوایانەی بۆ گەیشتن بەو ئامانجانه لەناو پێکهاتەی کۆمەڵگەدا فەراهەم کراون، دروست دەبێت. لێرەدا ئەنۆمی نەک تەنها لاوازیی نۆرمەکان، بەڵکو نایەکسانیی دەرفەتەکانه له گەیشتنه به ئاواته کلتوورییەکان (Merton, 1938, p. 681).

خشتەی (١): کورتکراوەی گرنگترین توێژینەوە هەڵسەنگێنراوەکان کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون

| توێژینەوە | ساڵ | کۆنتێکست | میتۆد و نموونە | تیۆر و تەوەری بنەڕەتی | گرنگترین دەرئەنجام بۆ ئەم توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| Merton | ١٩٣٨ | تیۆری گشتی | شیکاریی چەمکی | ئەنۆمی | ناتەبایی نێوان ئامانج و ئامراز فشاری پێکهاتەیی دروست دەکات |
| Agnew | ١٩٩٢ | تیۆری گشتی | شیکاریی چەمکی | فشاری گشتی | هەستە نەرێنییەکان ناوەندگیریی نێوان فشار و بەکارهێنان دەکەن |
| Collins & Menard | ٢٠٢١ | ئەمریکا | داتای درێژخایەنی نەتەوەیی | ئەنۆمی | ئەنۆمی باشترین ڕوونکردنەوەی بۆ بەکارهێنان لە تەمەنی گەنجیدایە |
| Steele & Durkin | ٢٠٢٤ | ئەمریکا (گوندنشین) | ٤٥٢٩ هەرزەکار | فشاری گشتی | قوربانیبوون و بێلانەیی پێشبینیکەری بەکارهێنانی ئۆپیۆیدن |
| Kawachi | ٢٠٢٦ | تیۆری گشتی | پێداچوونەوەی بەڵگە | سەرمایەی کۆمەڵایەتی | تەبایی کۆمەڵایەتی پارێزەری بەرامبەر خراپبەکارهێنانی ماددەکانە |
| Vigdal et .al | ٢٠٢٢ | نێودەوڵەتی | ١٨ توێژینەوەی چۆنایەتی | چاکبوونەوەی کۆمەڵایەتی | کۆمەڵگە بێ ستیگما مەرجی بنەڕەتیی چاکبوونەوەن |
| Rose | ٢٠٢٣ | ناوچەیی | شیکاریی سیاسەتی | ئابووریی سیاسیی کاپتاگۆن | بازاڕی کاپتاگۆن ڕێگا و بازاڕی نوێی ناوخۆیی دروست دەکات |
| Steenkamp | ٢٠٢٤ | ئوردن و سووریا | خوێندنەوەی سنووری | دراوگە شەڕ و ماددەکان | بازرگانی ماددەکان هەم بەرهەمی توندوتیژی و هەم کەناڵی توندوتیژییە |
| UNODC | ٢٠٢٤ | عێراق و ناوچە | ڕاپۆرتی داتایی | دینامیکی گواستنەوە | عێراق لە گوزەرگاوە بۆ بازاڕی خواستی ناوخۆیی گۆڕاوە |
| Saeed | ٢٠٢٤ | هەولێر | ١١٥ تۆماری نەخۆشخانە | پرۆفایلی کلینیکی | مێتامفیتامین باوترین ماددەیە لەناو نەخۆشە پیاوە گەنجەکاندا |
| Shawki et .al | ٢٠٢١ | هەولێر | ١٠٧٠ قوتابی | پەیوەندیی بێزارکردن و بەکارهێنان | قوربانیانی بێزارکردن بەرزترین ئەگەری بەکارهێنانیان هەیە |

| گرنگترین دەرئەنجام بۆ ئەم توێژینەوە | تیۆر و تەوەری بنەڕەتی | میتۆد و نموونە | کۆنتێکست | ساڵ | توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| بازرگانی ماددەکان هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و متمانە | کاریگەری کۆمەڵایەتی | شیکاریی کۆمەڵایەتی | عێراق (عەرەبی) | ٢٠٢٣ | Yasiri et -Al .al |
| ئالوودەبوون پەیوەندیی دووسەری لەگەڵ دواکەوتنی گەشەدا هەیە | گەشەی کۆمەڵایەتی | توێژینەوەی چۆنایەتی | ئێران (فارسی) | ٢٠٢٥ | (رجبلو و همکاران، ١٤٠۴) |

**بەشی دووەم: مادده هۆشبەرەکان و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان**

**٢,١. جۆرەکانی مادده هۆشبەرەکان**

پۆلێنکردنی مادده هۆشبەرەکان بەپێی کاریگەرییان لەسەر سیستەمی دەماری ناوەندی، سێ کۆمەڵی گەورە دەخاتە ڕوو. کۆمەڵی یەکەم مادده هاندەرەکانن کە چالاکیی سیستەمی دەمار بەرز دەکەنەوە و هەستی وزە و ئاگایی زیاد دەکەن؛ لەم کۆمەڵەدا مێتامفیتامین و کۆکایین و ئەمفیتامینەکان جێگای خۆیان هەیە. کۆمەڵی دووەم مادده هێورکەرەوەکانن کە کارکردی سیستەمی دەمار خاو دەکەنەوە، لەمانە ئۆپیۆیدەکان و بێنزۆدیازیپینەکان و ئەلکهول. کۆمەڵی سێیەمیش مادده هەڵخەڵەتێنەرەکانن کە گۆڕان لە هەستکردن و لێکدانەوەی ڕاستێدا دروست دەکەن. ئەم پۆلێنە ئامرازێکی سوودبەخشە بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییە دەروونی و جەستەییەکان، بەڵام بۆ شیکاریی کۆمەڵایەتی پێویستە لەگەڵ خوێندنەوەی بازاڕ و بەردەستبوون و نرخدا تێکەڵ بکرێت. لە کۆنتێکستی ناوچەکەدا، حەبی کاپتاگۆن پێگەیەکی تایبەتی وەرگرتووە. ئەم ماددەیە لە بنەڕەتدا فینێتیلینە، ماددەیەکی هاندەری خێزانی ئەمفیتامین کە لە سەرەتای دەیەی حەفتاکاندا وەک دەرمان بەکاردەهات و دواتر قەدەغە کرا، بەڵام بەرهەمهێنانی نایاسایی لە ئابووریی شەڕی ناوچەکەدا زیندووی کردەوە ( Ogwu et al., 2025, p. 2). شیکارییەکی ببلیۆمەتری لەسەر شەست ساڵ لە توێژینەوەی کاپتاگۆن دەریخستووە کە زانیاری لەسەر لایەنی کۆمەڵناسی و دەروونناسیی بەکارهێنەران هێشتا کەمە، سەرەڕای ئەوەی توێژینەوەی کیمیایی و پزیشکی لەسەری فراوانە (Fong et al., 2024, p. 3). ئەم کەلێنە زانستییە خۆی پاڵپشتی ئەو پێویستییەیە کە توێژینەوەی کۆمەڵناسی لەم بوارەدا زیاد بکرێت. لە بەرامبەر ئەم دیمەنە هەرێمییەدا، داتا ناوخۆییەکان وێنەیەکی جیاوازی جۆرەکان لە هەرێمی کوردستاندا دەخەنە ڕوو. لە نەخۆشخانەی دەروونیی هەولێردا مێتامفیتامین باوترین ماددەیە لەناو نەخۆشە خەوێنراوەکاندا (Saeed, 2024, p. 6).لە کاتێکدا لەناو نەخۆشە دەروونییەکانی دەرەوەی نەخۆشخانەدا مادده دەرمانییە ڕێپێدراوەکان، بە تایبەتی بێنزۆدیازیپین، زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە (أحمد وعبد السلام، ٢٠٢٤، ص. ٤٢٥). ئەم جیاوازییە دوو خاڵ دەردەخات: یەکەم ئەوەی کە دیاردەکە فرەچەشنە و ناکرێت بە یەک جۆری مادده کورت بکرێتەوە، دووەمیش ئەوەی کە بەشێکی دیاردەکە لە ڕێگەی سیستەمی دەرمانسازیی یاساییەوە دەڕوات نەک هەر لە ڕێگەی بازاڕی قاچاخەوە. ئەم دووەمە پەیوەندییەکی توندی بە توانای چاودێریی دامەزراوەییەوە هەیە. لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا، خوێندنەوەیەک بۆ ڕاپۆرتی جیهانیی مادده هۆشبەرەکان جەخت لەوە دەکاتەوە کە مادده دەروونگۆڕە نوێیەکان بە خێرایی پێکهاتەی کیمیایی و ناوی خۆیان دەگۆڕن، و ئەم گۆڕانە بەردەوامە چاودێریی یاسایی و پێوانەی ئامارین لە بەردەم ئاستەنگێکی جددیدا دادەنێت (مسعود، ٢٠٢١، ص. ٦).

### ٢,٢. هۆكارە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان

خوێندنەوەی هۆکارەکان لە ئاستی تاکەکەسییەوە دەست پێدەکات بەڵام لەوێدا ناوەستێت. پێداچوونەوەیەکی نەخشەکێش لەسەر پەنجا توێژینەوەی درێژخایەن پیشانی داوە کە چاودێریی خێزانی و پەروەردەی سەرەتایی پارێزەرن لە دەستپێکردنی بەکارهێنانی ماددەکان، لە کاتێکدا کاریگەریی نەرێنیی هاوتەمەنان و گەڕەک و بێکاری و توندوتیژی هاندەری دەستپێکردن و قووڵبوونەوەی دیاردەکەن ( Lin et al., ٢٠٢٤). ئەم دەستە فاکتەرە هەموویان فاکتەری کۆمەڵایەتین نەک تاکەکەسی، و ئەمە بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر ئەوەی کە دیاردەکە لە ڕەگەوە کۆمەڵایەتییە. لە کۆنتێکستی ناوچەکەدا، توێژینەوە فارسییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەندێک ڕەگەزی کولتووری خۆماڵی دەورێکی پارێزەری بەرچاو دەبینن لە بەرامبەر ئاراستەی بەکارهێناندا، ئەنجامێک کە پشتیوانی لەو بۆچوونە دەکات کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە خۆماڵییەکان سەرچاوەی بەرگرین. لە ئاستی پێکهاتەییدا، قەیرانی ئابووری و بێکاریی گەنجان گرنگترین هۆکارن. کاتێک دەرفەتە ڕەواکانی بەدەستهێنانی داهات و پێگە کۆمەڵایەتی لە بەردەم بەشێکی بەرفراوانی گەنجاندا دادەخرێن، ناتەباییەکی پێکهاتەیی لە نێوان ئاواتەکان و ئامرازە بەردەستەکاندا دروست دەبێت کە پاڵنەرێکی بەهێزە بەرەو بازاڕە نایاساییەکان، چ بە بەکارهێنەر و چ بە فرۆشیاری وردە. ئەم میکانیزمە لە بەشی سێیەمدا بە درێژی لە چوارچێوەی تیۆری ئەنۆمیدا شی دەکرێتەوە. لە هەرێمی کوردستاندا ئەو ڕاستییەی کە زۆربەی حاڵەتە تۆمارکراوەکان پیاوی گەنجی خاوەن ئاستی خوێندنی نزم و بارودۆخی ئابووریی لاوازن (Saeed, 2024, p. 8) ، بەڵگەیەکی ناوخۆییە لەسەر کارکردنی ئەم میکانیزمە. جگە لەم فاکتەرە ئابوورییانە، هۆکارێکی تری گرنگ ژینگەی پەروەردەیی و پەیوەندییەکانی نێوان هاوتەمەنانە. توێژینەوەیەک لەسەر زیاتر لە هەزار قوتابی لە شاری هەولێر پەیوەندییەکی بەهێزی لە نێوان بێزارکردن و بەکارهێنانی ماددەکاندا دۆزیوەتەوە، بە جۆرێک کە قوربانیانی بێزارکردن و ئەوانەی هاوکات بێزارکەر و قوربانین بەرزترین ئەگەری بەکارهێنانیان هەیە (Shawki et al., 2021, p. 485). ئەم ئەنجامە پیشان دەدات کە قوتابخانە، کە دەبوایە یەکێک لە دامەزراوە پارێزەرەکان بێت، دەتوانێت خۆی ببێتە ژینگەی فشار کاتێک توندوتیژیی نێوان قوتابیان چاودێری نەکرێت. هۆکارێکی تریش کە لە کۆنتێکستی هەرێمدا گرنگە، ئاوارەیی و شەپۆلی کۆچە کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان دەپچڕێنێت و تاکەکان لە تۆڕە پشتیوانەکانیان دوور دەخاتەوە. لە ئاستی ناوچەییشدا دوو بەڵگەی نزیک بەردەستن. توێژینەوەیەکی فارسی لەسەر بەکارهێنەرانی ماددە پیشەسازییەکان لە شاری زەنجان پەیوەندییەکی ماناداری لە نێوان ئەنۆمی و کۆچ و بێکاری و دەستڕاگەیشتنی ئاسان بە ماددەکانەوە تۆمار کردووە (احدی و همکاران، ۱۴۰۱، ص. ۳۱۵) .و توێژینەوەیەکی عێراقی لەسەر ئالوودەبووانی سەنتەری چاکسازیی ئەنبار جەخت لەوە دەکاتەوە کە فشاری دەروونی و کاریگەریی ڕاگەیاندن و ئەو هاڵە کۆمەڵایەتییەی لە دەوری ماددەکە دروست دەبێت، لە پاڵ فاکتەرە ئابوورییەکاندا کار دەکەن (Al-Issawi & Al-Kubaisi, 2024, p. 75) هەردوو ئەنجامەکە هەمان ئەو لۆژیکەی جیهانی دووپات دەکەنەوە، بەڵام لە کۆنتێکستێکدا کە لە ڕووی ئابووری و کولتوورییەوە لە دۆخی هەرێم نزیکترە.

### ٢,٣. کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان

کاریگەرییەکانی دیاردەکە لە سێ ئاستدا خۆیان دەنوێنن. لە ئاستی تاکدا، کاریگەرییە تەندروستی و دەروونییەکان بەرچاوترین، و توێژینەوە کلینیکییەکان پەیوەندیی بەهێز لە نێوان بەکارهێنان و نەخۆشیی دەروونیی هاوکات و مێژووی توندوتیژیدا تۆمار دەکەن (Saeed, 2024, p. 7). لە ئاستی خێزاندا، ئالوودەبوونی ئەندامێک بارگرانیی ئابووری و سۆزداری دروست دەکات و پەیوەندییە ناوخۆییەکان لاواز دەکات، و ستیگمای هاوڕێی دیاردەکە خێزانەکە دەخاتە دۆخی گۆشەگیرییەوە. لە ئاستی کۆمەڵگادا، توێژینەوە عەرەبییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە بازرگانی بە ماددەکان ئاستی توندوتیژی بەرز دەکاتەوە و پێکهاتەکانی خێزان دادەڕزێنێت و متمانەی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا لاواز

دەکات (الياسري وآخرون، ٢٠٢٣، ص. ٢٩٥). لەگەڵ ئەم سێ ئاستەدا، لایەنێکی گرنگی کاریگەرییەکان پەیوەندە بە لاوازبوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتییەوە. پێداچوونەوەیەکی بەرفراوان لە گۆڤاری پزیشکیی دەروونیی جیهانیدا دەریخستووە کە تەبایی کۆمەڵایەتی، واتە هەستی سەربەیەکبوون و هاوپشتی و بەها هاوبەشەکان، پارێزەرێکی بەرچاوە لە بەرامبەر خراپ بەکارهێنانی ماددەکان و تەنگژە دەروونییەکاندا، و ئەم پارێزگارییە لە ڕێگەی کەمکردنەوەی گۆشەگیری و زیادکردنی هەستی سەلامەتییەوە کار دەکات (Kawachi, 2026, p. 172). واتای ئەمە ئەوەیە کە هەر گەڕەکێک کە فرۆشتن تێدا بڵاو دەبێتەوە، هەم متمانە و هەستی سەلامەتیی دانیشتووانی تێیدا دادەبەزێت و هەم توانای بەرگریی کۆمەڵایەتیی خۆی لەدەست دەدات. لە لایەنی چاکبوونەوەشەوە، هاوبەشکردنی ئەنجامی هەژدە توێژینەوەی چۆنایەتی دەریخستووە کە کۆمەڵگە پارێزراو و بێ ستیگماکان مەرجی بنەڕەتیی چاکبوونەوەی کۆمەڵایەتین (Vigdal et al., 2022, p. 975)، واتە هەمان ئەو سەرمایەیەی زیانی پێدەگات، خۆی مەرجی چارەسەرکردنیشە. بەم پێیە، لە کۆنتێکستی هەرێمی کوردستاندا ئەم کاریگەریانە لەگەڵ دۆخێکی تەندروستیی دەروونیی لاوازدا یەکدەگرنەوە. پێداچوونەوەیەک لەسەر تەشەنەکردنی خۆکوشتن لە عێراق و هەرێمدا دەریخستووە کە فاکتەرە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە (Ahmed & Heun, 2024, p. 796). ئەم پەیوەندییە پیشان دەدات کە بەکارهێنانی ماددەکان بەشێکە لە دیاردەیەکی فراوانتری تەنگژەی کۆمەڵایەتی نەک دیاردەیەکی دابڕاو. لێرەوە، هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو کۆنتێکستە فراوانە، وێنەیەکی ناتەواو دەداتە دەست.

## بەشی سێیەم: مادده هۆشبەرەکان و تیۆری لادان

### ٣,١. تیۆرەکانی لادان

خوێندنەوەی ئەدەبیاتی بەردەست سێ تێبینیی گرنگ دەردەخات. یەکەم، ئەدەبیاتی ئەمنی دیاردەکەی بە هەڕەشە ناساندووە بەڵام میکانیزمەکانی نەخوێندووەتەوە؛ ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیش میکانیزمەکانی بە تەواوی تاقی کردووەتەوە بەڵام بە زمانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی قسەی نەکردووە؛ و ئەدەبیاتی ناوچەییش زیاتر لە لایەنی بازرگانی و ئەپیدیمیۆلۆژییەوە دیاردەکەی وەسف کردووە. دووەم، ئەو توێژینەوانەی لە کۆنتێکستی هەرێمی کوردستاندا ئەنجام دراون بە زۆری وەسفی و کلینیکین و بەستنەوەیەکی تیۆریی ڕێکخراویان لەگەڵ ئەدەبیاتی جیهانیدا نییە. سێیەم، هیچ کارێکی بەردەست چەمکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و تیۆرە کۆمەڵناسییەکانی لادان و بەڵگە مەیدانیە نوێیەکانی لە یەک چوارچێوەدا بۆ حاڵەتی هەرێم یەک نەخستووە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە دەدات و لێرەوە بەشدارییە زانستییەکەی بەشدارییەکی چەمکی و تیۆرییە کە دەتوانێت بناغەی توێژینەوەی مەیدانیی داهاتوو بێت. خشتەی (١) کورتکراوەیەکی بەراوردیی گرنگترین توێژینەوە هەڵسەنگێنراوەکان پێشکەش دەکات کە لەم پێداچوونەوەیەدا بەکارهاتوون، لەگەڵ کۆنتێکست و میتۆد و تیۆر و دەرئەنجامەکانیاندا. بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە پێویستە سەرەتا تیۆرەکانی لادان بخرێنە بەر خوێندنەوە. بنەمای کلاسیکیی ئەم بوارە لە تیۆری ئەنۆمیی میرتۆنەوە دەست پێدەکات، کە تێدا لادان بە دەرئەنجامی ناتەبایی نێوان ئامانجە کولتوورییەکانی کۆمەڵگا و ئەو ڕێگا ڕەوایانە پێناسە دەکرێت کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە لەبەردەستدان؛ کاتێک پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەرفەتی ڕەوا بۆ بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی دابین ناکات، فشارێکی پێکهاتەیی دروست دەبێت کە هەندێک لە تاکەکان بەرەو ڕێگا نائاساییەکان پاڵ دەنێت (Merton, 1938, p. 682) ئاگنیو ئەم بنەمایەی لە تیۆری فشاری گشتێدا فراوان کرد و سەرچاوەکانی فشاری لە ناتەبایی ئامانج و ئامرازەوە بردە سەر شکستی گەیشتن بە ئامانجە بەهادارەکان و لەدەستدانی شتە بەبەهاکان و ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخە نەرێنییەکان، و ڕوونی کردەوە کە ئەم

فشارانە لە ڕێگەی هەستە نەرێنییەکانەوە، بە تایبەتی تووڕەیی و خەمۆکی، ئەگەری لادان و لەوانە بەکارهێنانی ماددەکان زیاد دەکەن.(Agnew, 1992, p. 52)

لەگەڵ ئەوەشدا، جێی ئاماژەیە کە تیۆری ئەنۆمی خۆی لە ژێر ڕەخنەدا بووە و پەرەی سەندووە. هەندێک توێژەر ڕەخنەیان لەوە گرتووە کە تیۆرەکە زیاتر جەخت لەسەر لادانی چینی هەژار دەکاتەوە و کەمتر ڕوونکردنەوە بۆ لادانی چینە ناوەند و دەوڵەمەندەکان دەخاتە ڕوو. بەڵام تاقیکردنەوە مەیدانیە نوێیەکان پیشانیان داوە کە میکانیزمی بنەڕەتیی تیۆرەکە، واتە ناتەبایی نێوان ئامانج و ئامراز، هێشتا توانای ڕوونکردنەوەی بەرچاوی هەیە، بە تایبەتی بۆ بەکارهێنانی ماددەکان لە قۆناغی گەنجیدا (Collins & Menard, 2021, p. 430). ئەم پەرەسەندنە تیۆرییە پیشانی دەدات کە تیۆری ئەنۆمی ئامرازێکی زیندووی شیکارییە نەک میراتێکی مێژوویی کە دەکرێت بۆ کۆنتێکستە نوێیەکان بەکاربهێنرێت، لەوانە کۆنتێکستی هەرێمی کوردستان کە تێدا ناتەبایی نێوان ئاواتەکانی گەنجان و دەرفەتە بەردەستەکان بەرچاوە. لە پاڵ ئەم پەرەسەندنە تیۆرییەدا، ئەوەی ئەم دوو تیۆرە کلاسیکییە لە ئەمڕۆدا بەهێز دەکات، ئەو بەڵگە مەیدانیە نوێیانەن کە لە پێنج ساڵی ڕابردوودا لە کۆنتێکستی جیاجیادا بەرهەم هاتوون. تاقیکردنەوەیەکی درێژخایەن لەسەر داتای نەتەوەیی ئەمریکی دەریخستووە کە تیۆری ئەنۆمی باشترین توانای ڕوونکردنەوەی بۆ بەکارهێنانی ماددە نایاساییەکان لە قۆناغی هەرزەکاری و گەنجیدا هەیە، واتە هەر ئەو گرووپە تەمەنییەی لە دیاردەکەدا زۆرترین بەشدارییان هەیە ( Collins & Menard, 2021, p. 438). توێژینەوەیەکی بەرفراوان لەسەر زیاتر لە (٤٥٠٠) هەرزەکاری ناوچە گوندنشینەکانی ئەمریکا پیشانی داوە کە قوربانیبوونی جەستەیی و سۆزداری، بێلانەیی و خراپیی باری تەندروستی هەموویان پێشبینیکەری بەکارهێنانی ئۆپیۆیدن و خەمۆکی و دڵەڕاوکێ دەوری ناوەندگیرییان لەم پەیوەندییەدا هەیە (Steele and Durkin, ٢٠٢٤). لە ئاستێکی تردا، شیکارییەک لەسەر داتای زیاتر لە (١٠٠٠٠) بەشداربوو دەریخستووە کە پەیوەندیی نێوان قوربانیبوون و بەکارهێنانی ماددەکان لە ڕێگەی هەستە نەرێنییەکانەوە کار دەکات و کوالیتیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەم پرۆسەیە دەگۆڕێت (Rocheleau et al., 2023, p. 878). ئەم ئەنجامانە پێکەوە ئەو بنەمایە دەچەسپێنن کە فشارە کۆمەڵایەتییەکان و هەستە نەرێنییەکانی لێیانەوە دروست دەبن، ڕێڕەوێکی بنەڕەتیی ڕووکردنە ماددەکانن.

جگە لەمە، ڕەهەندێکی تری ئەم ئەدەبیاتە پەیوەندە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە. تیۆری بەندی کۆمەڵایەتیی هیرشی لادان بە لاوازیی ئەو بەندانە ڕوون دەکاتەوە کە تاک بە کۆمەڵگاوە دەبەستنەوە، لە دڵبەستن و پابەندبوون و بەشداری و باوەڕەوە ( Hirschi, ٢٠١٧)، و تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕەفتاری لادان لە ناو گرووپە نزیکەکاندا لە ڕێگەی پەیوەندیی جیاکەرەوە و لاساییکردنەوە و پاداشتی جیاوازەوە فێر دەکرێت (Akers & Jennings, 2019, p. 115).ئەم دوو ڕوانگەیە لە ئەدەبیاتی نوێدا لە چوارچێوەی چەمکی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و تەبایی کۆمەڵایەتیدا درێژەیان پێدراوە. پێداچوونەوەیەکی هەمەلایەنە لە گۆڤاری پزیشکیی دەروونیی جیهانیدا دەریخستووە کە بەڵگەی بەردەوام هەیە لەسەر ئەوەی تەبایی کۆمەڵایەتی، واتە هەستی سەربەیەکبوون و هاوپشتی و بەها هاوبەشەکان، پارێزەرێکی بەرچاوە لە بەرامبەر خراپ بەکارهێنانی ماددەکان و تەنگژە دەروونییەکاندا، و ئەم پارێزگارییە لە ڕێگەی کەمکردنەوەی گۆشەگیری و بەرگرتن بە کاریگەریی ناخۆشییەکان و زیادکردنی هەستی سەلامەتییەوە کار دەکات (Kawachi, 2026, p. 183). هاوشێوەی ئەمە، پێداچوونەوەیەکی نەخشەکێش لەسەر پەنجا توێژینەوەی درێژخایەن پیشانی داوە کە چاودێریی خێزانی و پەروەردەی سەرەتایی پارێزەرن لە دەستپێکردنی بەکارهێنانی ماددەکان، لە کاتێکدا کاریگەریی نەرێنیی هاوتەمەنان و گەڕەک و بێکاری و توندوتیژی هاندەری دەستپێکردن و قووڵبوونەوەی دیاردەکەن (Lin et al., 2024, p. 2). لە لایەنی چاکبوونەوەشەوە، هاوبەشکردنی ئەنجامی هەژدە توێژینەوەی چۆنایەتی دەریخستووە کە کۆمەڵگە پارێزراو و بێ ستیگماکان مەرجی

بنەڕەتیی چاکبوونەوەی کۆمەڵایەتین و دروستکردنی بەندی کۆمەڵایەتیی نوێ و گەڕاندنەوەی شکۆی کۆمەڵایەتی دوو کۆڵەکەی ئەم پرۆسەیەن (Vigdal et al., 2022, p. 978). ئەم دۆکیۆمێنتانە واتایەکی دوولایەنیان هەیە: هەمان ئەو پێکهاتانەی کە پارێزەرن لە بەرامبەر دیاردەکەدا، واتە خێزان و بەندە کۆمەڵایەتییەکان و متمانە، هەر خۆشیان ئەو شوێنانەن کە دیاردەکە زیانیان پێ دەگەیەنێت. لە ڕووی مێتۆدۆلۆژییەوە، ئەم دۆکیۆمێنتانە ئاماژە بۆ خاڵێکی گرنگ دەکەن کە گرنگیی خۆی هەیە بۆ توێژینەوەکەمان. زۆرینەی ئەم توێژینەوانە شێوازی چەند گۆڕاوی و مۆدێلی هاوکێشەی پێکهاتەییان بەکارهێناوە بۆ جیاکردنەوەی کاریگەریی بێ ناوبژی و بە ناوبژی، و ئەمە هێزی سەلمێنەریان بەهێز دەکات؛ بەڵام زۆربەیان لە کۆنتێکستی وڵاتانی ڕۆژئاوادا ئەنجام دراون و گشتاندنیان بۆ کۆنتێکستی هەرێمی کوردستان پێویستی بە تێڕامان هەیە. ئەم ڕاستییە خۆی بەشێکە لەو کەلێنەی کە ئەم توێژینەوەیە دەیخاتە ڕوو: بەڵگە جیهانییەکان لەسەر میکانیزمەکان بەردەستن، بەڵام تاقیکردنەوەیان لە کۆنتێکستی هەرێمدا هێشتا نەکراوە، و لێرەوە توێژینەوەی مەیدانیی داهاتوو دەبێت لەسەر ئەم بنەمایە بونیاد بنرێت.

### ٣,٢. ماددە هۆشبەرەکان و لادانی کۆمەڵایەتی

لەسەر ئەم بنەمایە، لە ئاستی میکانیزمەکاندا چوارچێوەکە چوار ئاراستەی لێکبەستراو دیاری دەکات. ئاراستەی یەکەم ئاراستەی نۆرمەتیڤە و لە تیۆری ئەنۆمییەوە وەردەگیرێت: کاتێک قەیرانی ئابووری و بێکاری و دابەزینی ئاستی گوزەران دەرفەتە ڕەواکان لە بەردەم بەشێکی بەرچاوی گەنجاندا دادەخات، ناتەباییەکی جەوهەری لە نێوان ئامانجەکانی سەرکەوتن و ئامرازە بەردەستەکاندا دروست دەبێت کە پاڵنەرێکی بەهێزە بەرەو بازاڕە نایاساییەکان، چ بە بەکارهێنەر و چ بە فرۆشیار (Collins & Menard, 2021, p. 442). ئاراستەی دووەم ئاراستەی هەستەکییە و لە تیۆری فشاری گشتییەوە وەردەگیرێت: ئەزموونە نەرێنییەکانی قوربانیبوون، لەدەستدان، ئاوارەیی و شکستی ئابووری لە ڕێگەی تووڕەیی و خەمۆکییەوە خواستی دەربازبوونی هەستەکی دروست دەکەن کە ماددە هۆشبەرەکان وەڵامێکی خێرا و زیانبەخشی بۆ دەبنەوە (Agnew, 1992, p. 75). ئاراستەی سێیەم ئاراستەی پەیوەندییەکییە و لە تیۆری بەندی کۆمەڵایەتی و تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتییەوە پێکەوە وەردەگیرێت: لاوازبوونی بەندەکانی تاک بە خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگاوە ڕێگرییە ناوخۆییەکان لادەبات، و لە هەمان کاتدا گرووپی هاوتەمەنی بەکارهێنەر دەبێتە ژینگەی فێربوون و ئاساییکردنەوەی ڕەفتارەکە (Akers & Jennings, 2019, p. 121). ئاراستەی چوارەمیش ئاراستەی پێکهاتەییە و لە چەمکی سەرمایەی کۆمەڵایەتییەوە وەردەگیرێت: تەبایی کۆمەڵایەتی و متمانە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەم پارێزەرن لە دەستپێکردن و هەم مەرجن بۆ چاکبوونەوە، و داهێزرانیان کۆمەڵگا لە هەردوو ئاستەکەدا لاواز دەکات (Vigdal et al., 2022, p. 979).

### ٣,٣. لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان

بەم پێیە، بەیەکخستنی ئەم چوار ئاراستە لەگەڵ چەمکی ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا، مۆدێلە چەمکییەکەی توێژینەوەکە بەم شێوەیە دەردەکەوێت: فاکتەرە پێکهاتەییەکان لە ڕێگەی چوار ئاراستەکەوە ڕێگا بۆ بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان خۆش دەکەن، و بڵاوبوونەوەکەش بە نۆرەی خۆی هەر سێ ڕەگەزەکەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دادەڕزێنێت؛ بەها هاوبەشەکان لە ڕێگەی ئاساییبوونی ڕەفتارە لادەرەکەوە، متمانە لە ڕێگەی تاوان و ستیگما و ترسەوە، و توانای نەوەسازیش لە ڕێگەی زیانگەیاندن بە گەنجان و خێزانەکانەوە. گرنگترین تایبەتمەندیی ئەم مۆدێلە بازنەییەکەیەتی: لاوازبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی خۆی دەبێتەوە فاکتەرێکی بونیادی کە چوار ئاراستەکە بەهێزتر دەکات، و بەمەش دیاردەکە و لاوازبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی یەکتری بەردەوام دەکەن. هەر ئەم بازنەیبوونەش ڕوونی دەکاتەوە بۆچی چارەسەری ئەمنی بەخۆی ناتوانێت زنجیرەکە بپچڕێنێت، چونکە

یەک خاڵی زنجیرەکە دەگرێتەوە. خشتەی (٢) ئەم چوار ئاراستە و پەیوەندییان بە ڕەگەزەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتییەوە بە کورتی کۆدەکاتەوە. لە کۆتای ئەم دارشتنەدا، ئەم مۆدێلە چەند تایبەتمەندییەکی تیۆریی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە خوێندنەوە باوەکان. یەکەم، مۆدێلەکە ئاسایشی کۆمەڵایەتی بە گۆڕاوێکی سەربەخۆ نابینێت کە هەڕەشەی لەسەر دەکرێت و بەس، بە پرۆسەیەکی بازنەیی دەبینێت کە هەم هەڕەشەی لەسەر دەکرێت و هەم بەشێکە لە بەرگری. دووەم، مۆدێلەکە تیۆرەکان بە لایەنە تەواوکەرەکانی یەک شیکاری دەبینێت نەک بە ڕکابەری یەکتری، چونکە هەر تیۆرێک ڕەهەندێکی جیاوازی دیاردەکە ڕوون دەکاتەوە: ئەنۆمی لایەنی پێکهاتەیی، فشاری گشتی لایەنی هەستەکی، بەندی کۆمەڵایەتی و فێربوونی کۆمەڵایەتی لایەنی پەیوەندییەکەی، و سەرمایەی کۆمەڵایەتیش لایەنی بەرگری. سێیەم، مۆدێلەکە دەرگا بۆ سیاسەتدانانی هەمەلایەنە دەکاتەوە، چونکە ئەگەر دیاردەکە لە چەند خاڵێکەوە کار بکات، ئەوا وەڵامیش دەبێت لە چەند خاڵێکەوە بێت. ئەم سێ تایبەتمەندییە پێکەوە بەشدارییە چەمکییەکەی توێژینەوەکە پێک دەهێنن.

**خشتەی (٢): بەراوردی چوار ڕێڕەوەکەی چوارچێوە تیۆرییەکە و پەیوەندییان بە ئاسایشی کۆمەڵایەتییەوە**

| ڕێڕەو | تیۆری سەرچاوە | فاکتەری هاندەر | میکانیزمی کاریگەری | ڕەگەزی ئاسایشی کۆمەڵایەتی کارلێکراو |
|---|---|---|---|---|
| نۆرمەتیف | ئەنۆمی (Merton) | قەیرانی ئابووری، بێکاریی گەنجان، داخستنی دەرفەتە ڕەواکان | ناتەبایی نێوان ئامانج و ئامراز پاڵنەری بازاڕی نایاسایی دەبێت | یەکپارچەیی بەها هاوبەشەکان |
| هەستەکی | فشاری گشتی (Agnew) | قوربانیبوون، لەدەستدان، ئاوارەیی، شکستی ئابووری | تووڕەیی و خەمۆکی خواستی دەربازبوونی هەستەکی دروست دەکەن | متمانەی نێوان تاکەکان |
| پەیوەندییەکی | بەندی کۆمەڵایەتی و فێربوونی کۆمەڵایەتی (Hirschi; Akers) | لاوازیی بەندی خێزان و قوتابخانە، گرووپی هاوتەمەنی بەکارهێنەر | لابردنی ڕێگری ناوخۆیی و فێربوونی ڕەفتار لە گرووپدا | توانای نەوەسازی و پاراستنی شێوازی ژیان |
| پێکهاتەیی | سەرمایەی کۆمەڵایەتی Bourdieu; ) Putnam; (Kawachi | دارزانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، شارنشینیی خێرا، ستیگما | کەمبوونەوەی بەرگری و مەرجی چاکبوونەوە | هەر سێ ڕەگەزەکە پێکەوە (خولانەوەیی) |

**بەشی چوارەم: مادده هۆشبەرەکان و قوتابخانەی کۆپنهاگن**

**٤,١. چەمکی بەئاسایشکردن**

قوتابخانەی کۆپنهاگن لە پاڵ فراوانکردنی چەمکی ئاسایشدا، چەمکی بەئاسایشکردنیشی هێنایە ئاراوە. مەبەست لەم چەمکە ئەو پرۆسەیەیە کە تێدا پرسێکی ئاسایی لە ڕێگەی گوتاری ئەکتەرە سیاسییەکانەوە دەکرێتە هەڕەشەیەکی بوونیادی لەسەر مانەوەی کۆمەڵگا یان دەوڵەت، و بەم شێوەیە

ڕێگا بۆ بەکارهێنانی ئامرازە نائاساییەکان خۆش دەبێت کە لە دۆخی ئاساییدا پەسەند نەدەکران (Buzan, Wæver and de Wilde, ١٩٩٨). گرنگیی ئەم چەمکە لەوەدایە کە ئاسایش بە بەرهەمی پرۆسەیەکی گوتاری و کۆمەڵایەتی دەبینێت نەک بە ڕاستییەکی بابەتیی جێگیر. لێرەوە، ئەم پرسیارە دەکرێت کە کێ پرسێک دەکاتە پرسی ئاسایش، بە چ زمانێک، و چ ئامرازێک بەم گوتارە ڕەوایەتی پێ دەدرێت. بەئاسایشکردن لە ڕووی ئەرێنییەوە، دەتوانێت سەرچاوە و ویستی سیاسی بۆ پرسێکی گرنگ کۆبکاتەوە کە پێشتر پەراوێز خرابوو. لە ڕووی نەرێنییەوە، دەتوانێت پرسەکە لە دەرەوەی گفتوگۆی ئاسایی و دیموکراسی دابنێت و بیکاتە مەیدانی ئامرازی ناچاریی و کۆنترۆڵ. لەم چوارچێوەیەدا، ئەو ئەدەبیاتەی لە دواییدا پەرەی سەندووە باس لە بەرەو ئاساییش گەڕانەوە دەکات، واتە ئەو پرۆسەیەی کە پرسێکی بەئاسایشکراو بۆ مەیدانی سیاسەتی ئاسایی دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئەوەی بە ئامرازی سیاسەتی گشتی چارەسەر بکرێت. ئەم دووانە لە خوێندنەوەی دیاردەی ماددە هۆشبەرەکاندا گرنگن، چونکە پرسیارەکە بەوە کۆتایی نایەت کە ئایا دیاردەکە هەڕەشەیە و خستنە ناو چوارچێوەی ئاسایشەوە چ دەرئەنجامێکی سیاسەتدانانی لێدەکەوێتەوە. لەم ڕوانگەیەشەوە، هەڵسەنگاندنی هەر گوتارێکی ئاسایش پێویستی بە ناسینی سێ ڕەگەزە: ئەو ئەکتەرەی گوتارەکە دەڵێت، ئەو گوێگرانەی پەسەندی دەکەن، و ئەو بارودۆخەی ڕەوایەتی پێ دەبەخشێت. جیاکردنەوەی ئەم سێ ڕەگەزە ڕێگا دەدات کە جیاوازی بکرێت لە نێوان هەڵسوکەوتی گوتاریی ڕووکەشانە و ئەو دۆخانەدا کە بەڕاستی گۆڕان لە ئامرازەکانی سیاسەتدا دروست دەکەن. جیاوازیی نێوان ئەم دوو ئاستە لە خوێندنەوەی سیاسەتی ماددە هۆشبەرەکاندا بایەخێکی پراکتیکیی هەیە.

### ٤,٢. ئاسایشی کۆمەڵایەتی

لەم چوارچێوەیەدا، چەمکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەرهەمی ئەو گۆڕانە پارادایمییەیە کە قوتابخانەی کۆپنهاگن لە کۆتایی جەنگی ساردەوە لە بواری خوێندنەوەی ئەمنیدا هێنایە ئاراوە. لە چوارچێوەی ئەم قوتابخانەیەدا ئاسایش لە پرسێکی سەربازیی سنووردار و پەیوەست بە دەوڵەتەوە فراوان کرا بۆ پێنج کەرتی سیاسی، سەربازی، ئابووری، ژینگەیی و کۆمەڵایەتی، و کەرتی کۆمەڵایەتی بە توانای کۆمەڵگا پێناسە کرا بۆ پاراستنی کاراکتەری بنەڕەتیی خۆی لە بەرامبەر ئەو هەڕەشانەی ناسنامە و بەها و شێوازی ژیانی دەخەنە مەترسییەوە. گرنگیی ئەم پێناسەیە لەوەدایە کە بابەتی ئاسایش لە دەوڵەتەوە دەگوازێتەوە بۆ کۆمەڵگا؛ واتە هەڕەشەیەک دەتوانێت بوونی هەبێت تەنانەت ئەگەر دەوڵەت لە ڕووی سەربازییەوە پارێزراویش بێت، مادام پێکهاتەی ناوخۆیی کۆمەڵگا لە دارِزاندایە. گرنگە ئاماژە بەوەش بکرێت کە چەمکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە بنەڕەتدا لە ململانێی نێوان دوو ڕوانگەدا پەرەی سەندووە. ڕوانگەی یەکەم، کە بازان و هاوکارانی نوێنەرایەتی دەکەن، شوناس و کۆمەڵگا بە ڕاستییەکی بەردەوام و دیاریکراو دەبینێت کە هەڕەشە دەتوانێت بیخاتە مەترسییەوە. ڕوانگەی دووەم، کە مەکسوینی نوێنەرایەتی دەکات، ڕەخنە لەم ڕوانگەیە دەگرێت و دەڵێت شوناس و کۆمەڵگا پرۆسەیەکی گۆڕاون نەک شتێکی جێگیر، بۆیە دەبێت لە دینامیکی خۆیاندا بخوێنرێنەوە. ئەم توێژینەوەیە لە ناوەڕاستی ئەم دوو ڕوانگەیەدا دەوەستێت: ئاسایشی کۆمەڵایەتی بە توانایەکی گۆڕاوی کۆمەڵگا دەبینێت بۆ پاراستنی خۆی، نەک بە ڕاستییەکی جێگیر، و لێرەوە دەتوانێت گۆڕانی دیاردەکە لە کاتدا بخوێنێتەوە. ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەم توێژینەوەیەدا بە سێ ڕەگەزی بنەڕەتی پێناسە دەکرێت: یەکپارچەیی بەها هاوبەشەکانی کۆمەڵگا، متمانەی نێوان تاکەکان و نێوان تاک و دامەزراوەکان، و بەردەوامیی توانای کۆمەڵگا بۆ نەوەسازی و پاراستنی شێوازی ژیانی خۆی (Buzan, Wæver and de Wilde, ١٩٩٨). هەر هەڕەشەیەک کە یەکێک لەم سێ ڕەگەزە بخاتە مەترسییەوە، هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی تەنانەت ئەگەر لە ڕوخساردا پرسێکی تەندروستی یان یاسایی دەربکەوێت. ئەدەبیاتی ناوچەیی لەم بەشەدا دوو بەشداریی بەرچاوی هەیە. لە ئێراندا شیکارییەکی مەیدانی پەیوەندییەکی مانادار لە نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییە خۆماڵییەکان و جۆرەکانی پشتیوانی و ئاسایشی

کۆمەڵایەتیدا تۆمار کردووە، ئەنجامێک کە بەڵگە دەداتە دەست لەسەر ئەوەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی خۆی سەرچاوەیەکی ئاسایشە نەک ئاسەوارێکی لاوەکی (امیری و همکاران، ١٤٠١، ص. ٥٢). لە عێراقیشدا خوێندنەوەیەکی سیاسەتی گشتی دەریخستووە کە ڕێکارەکانی دوای ٢٠٠٣ زیاتر ئاراستەی ڕەهەندی ئەمنی کراون لە کاتێکدا ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی ئاسایش کەمتر جێگای بایەخ بووە (حسین، ٢٠٢٥، ص. ١٨٩). ئەم دوو ئەنجامە پێکەوە بەشدارییە تیۆرییەکەی ئەم توێژینەوەیە بەهێز دەکەن.

### ٤,٣. ماددە هۆشبەرەکان و هەڕەشەی ئاسایش

لە کۆنتێکستی هەرێمی کوردستاندا ژمارەیەکی کەم بەڵام بەرچاو لە توێژینەوەکان ئەم چوارچێوەیەیان بەکارهێناوە. توێژینەوەیەک کە دۆخی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی هەرێمی لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە شیکردووەتەوە، گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی کە ماددە هۆشبەرەکان لە پاڵ قەیرانی شوناس و کەلێنی نێوان نەوەکان و شەپۆلی ئاوارە و پەنابەراندا، کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتیی هەرێم هەیە (Issa & Qader, 2021, p. 41). توێژینەوەیەکی نوێتر دیاردەکەی لە چوارچێوەی ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمدا خوێندووەتەوە و جەختی لەوە کردووەتەوە کە هۆکاری گەشەکردنی دیاردەکە کۆمەڵێک فاکتەری تاکەکەسی و خێزانی و کۆمەڵایەتی و جوگرافی و سیاسی و ئابووری و نائارامیی سنوورەکانیش ڕۆڵی تێدا دەبینن (Ahmed & Hamasalih, 2025, p. 238). ئەم دوو کارە بایەخی ئەوەیان هەیە کە دیاردەکە دەخەنە ناو گوتاری ئاسایشەوە، بەڵام هەردووکیان لە ئاستی ناوبردن و پۆلێنکردندا دەمێننەوە و ئەو میکانیزمە کۆمەڵناسییانە ناخەنە بەر شیکاری کە دیاردەکە لە ڕێگایانەوە کار لە پێکهاتەی کۆمەڵگا دەکات. لە ڕوانگەی ئەم چوارچێوەیەوە، ماددە هۆشبەرەکان کاتێک دەبنە هەڕەشەیەکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی کە یەکێک لە سێ ڕەگەزەکەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بخەنە مەترسییەوە. یەکپارچەیی بەها هاوبەشەکان کاتێک زیانی پێدەگات کە ڕەفتاری لادەر لە بەشێکی کۆمەڵگادا ئاسایی دەبێت و پێوەرەکانی پەسەندکراو لاواز دەبن. متمانەی نێوان تاکەکان کاتێک زیانی پێدەگات کە تاوان و ستیگما و ترس لە گەڕەک و خێزاندا بڵاو دەبنەوە. توانای نەوەسازیش کاتێک زیانی پێدەگات کە بەشێکی بەرچاو لە گەنجان لە پرۆسەی خوێندن و کار و بەشداریی کۆمەڵایەتیدا دوور دەخرێنەوە. ئەم سێ ڕەگەزە پێکەوە ئەو پێوەرانەن کە دەتوانرێت ئاستی هەڕەشەکەیان پێی هەڵبسەنگێنرێت. خاڵێکی تری شیکارییەکە دەگەڕێتەوە سەر خودی گوتاری ئاسایش. لە هەرێمی کوردستاندا دیاردەی ماددە هۆشبەرەکان بە شێوەیەکی بەرچاو ئەمنی کراوە؛ گوتاری فەرمی زیاتر لە دەوری دەستگیرکردن و دەستبەسەرداگرتن و سزادا دەسووڕێتەوە. ئەم ئاراستەیە لە جەوهەری خۆیدا جێگەی تێگەیشتنە و وەک بەشێکی بنەڕەتی لە وەڵامەکە (چارەسەرەکە) دەبینرێت، بەڵام ڕووبەڕووی دوو بەربەستی (سنووردارێی) سەرەکی دەبێتەوە:یەکەم؛ ڕێکارە ئەمنییەکان تەنها لایەنی خستنەڕوو دەگرنەوە و دەستیان بە لایەنی خواست ناگات؛ ئەزموونی ناوچەیی لە بەرەنگاربوونەوەی کاپتاگۆندا دەریخستووە کە توندکردنی پرۆسەی دەستبەسەرداگرتن، نابێتە هۆی پەکخستنی ئەم ڕەوتە، بەڵکو تەنها ڕێڕەو و شێوازەکانی دەگۆڕێت (Rose, 2023, p. 301).دووەم؛ ئەمنیکردنی تەواوەتی ، بەکارهێنەر لە تاوانبار نزیک دەکاتەوە و ستیگمای کۆمەڵایەتی قووڵتر دەکات؛ ئەمەش لە کاتێکدایە کە بەڵگەکانی تایبەت بە چاکبوونەوە جەخت لەوە دەکەنەوە کە خودی ستیگما بەربەستێکی بنەڕەتییە لەبەردەم داواکردنی یارمەتی و پرۆسەی تێکەڵبوونەوەی بەکارهێنەران بە ناو کۆمەڵگەدا (Vigdal et al., 2022, p. 981). لە ئەدەبیاتی کوردیشدا، توێژینەوەیەک لەسەر هەڕەشەی ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمدا ئاماژە بەوە دەکات کە گۆڕانی پێگەی هەرێمی کوردستان بەرەو وێستگەیەکی تێپەڕبوون، لە غیابی چارەسەری ڕیشەییدا، بەرەو هەڕەشەیەکی بەرچاو لەسەر ئاسایشی گشتی دەڕوات (Rahman, ٢٠٢١). ئەم کارە بەڵگەی خۆماڵیی

گرنگ دەخاتە ڕوو، بەڵام لە ئاستی ئاماژەدا دەمێنێتەوە و میکانیزمە کۆمەڵناسییەکان ناخاتە بەر شیکردنەوە.

**بەشی پێنجەم: مادده هۆشبەرەکان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان**

**٥,١. دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان**

تێگەیشتن لە دۆخی ئێستای هەرێم پێویستی بە خوێندنەوەی دینامیکی هەرێمیی دیاردەکە هەیە. توێژینەوەکانی سەر بازرگانیی کاپتاگۆن پیشانی دەدەن کە ئەم بازرگانییە لە دەرئەنجامی شەڕی سووریادا گەشەی کرد و بووە سەرچاوەیەکی داهاتی ڕژێمی سووریا و ئەکتەرە هاوپەیمانەکانی، و دواتر لەژێر فشاری داواکارییە هەرێمییەکاندا ڕێگا و بازاڕی نوێی بەناو عێراق و تورکیا و دەریادا بۆ خۆی دۆزییەوە (Rose, 2023, p. 303). ستینکامپ لە توێژینەوەیەکی مەیدانییدا لەسەر سنوورەکانی ئوردن و سووریا، جەخت لەو دەرەنجامە دەکاتەوە کە بازرگانیی مادده هۆشبەرەکان هاوکات هەم دەرهاویشتەی توندوتیژییە و هەم دەبێتە ڕێرەوێک بۆ توندوتیژیی زیاتر؛ چونکە پرۆسەی سەربازیکردنی سنوورەکان خێرا دەکات و شێوازی ژیانی کۆمەڵگە سنوورییەکان دەگۆڕێت، ئەمەش وردە وردە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی بەکارهێنانی ناوخۆیی لەو وڵاتانەی کە وەک ڕێڕەوی تێپەڕبوون بەکاردێن (Steenkamp, 2024, p. 485). پێداچوونەوە نوێیەکان دەربارەی ماددەی فینێتیلین لە ڕۆژئاوای ئاسیادا، جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەنەوە کە ئابووریی شەڕ، لاوازیی حوکمڕانی و ململانێ هەرێمییەکان، بزوێنەری سەرەکیی بەردەوامیی ئەم بازاڕە نایاساییەن. هەر بۆیە، هەر بەرەنگاربوونەوەیەکی سەرکەوتوو پێویستی بە چاکسازیی لە حوکمڕانی، هاوکاریی هەرێمی و پەرەپێدانی کەرتی تەندروستیی گشتی هەیە، نەک تەنها پەنابردن بۆ توندکردنی سزاکان (Mohammad et al., 2025, p. 7).

شیکارییەکی ببلیۆمەتری بۆ شەست ساڵ لە توێژینەوەکانی کاپتاگۆن دەریخستووە کە زانیاری دەربارەی لایەنە دەروونی و کۆمەڵناسییەکانی بەکارهێنەران و میکانیزمەکانی خواست هێشتا لە ئاستێکی نزمدایە، ئەمەش وەک کەلێنێکی زانستی لە ئاستی جیهانیدا دەبینرێت (Fong et al., 2024, p. 5). خاڵی هاوبەشی ئەم توێژینەوانە ئەوەیە کە ناتوانرێت ئەم دیاردەیە لە ئابووریی سیاسیی شەڕ جیا بکرێتەوە؛ چونکە کاپتاگۆن سەرچاوەیەکی سەرەکیی داهاتی ئەکتەرە چەکدارەکانە. ئەم پەیوەندییە قووڵەی نێوان مادده هۆشبەرەکان و ناسەقامگیریی هەرێمی، بابەتەکە دەباتە چوارچێوەی پرسە جیۆپۆلیتیکییەکان و لە کایەی کێشەیەکی تاکەکەسی یان تەنها تەندروستی دەریدەهێنێت.لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم توێژینەوانە کەمتر پەرژاونەتە سەر ئەوەی کە کاتێک دیاردەکە دەگاتە ئاستی بازاڕی ناوخۆیی، چۆن کار لە **بونیادی کۆمەڵایەتی** دەکات. لێرەوە گرنگیی بەستنەوەی ئەم ئەدەبیاتە ناوچەییە بە تیۆرە کۆمەڵناسییەکانی لادان دەردەکەوێت؛ بە جۆرێک ئەدەبیاتە ناوچەییەکە ڕەهەندە هەرێمییەکانی دیاردەکە دەخاتە ڕوو، و تیۆرە کۆمەڵناسییەکانیش میکانیزمە ناوخۆییەکان و شوێنەوارە کۆمەڵایەتییەکانی ڕوون دەکەنەوە. تێکەڵکردنی ئەم دوو ڕوانگەیە، وێنەیەکی گشتگیر و ورد لەسەر دیاردەکە بەدەستەوە دەدات.

لە لایەکی ترەوە، لە ئاستی عێراقدا داتا مەیدانیەکان وێنەیەکی نوێیان بۆ واقیعەکە کێشاوە. ڕاپۆرتی تایبەتی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مادده هۆشبەرەکان و تاوان (UNODC) دەریخستووە کە عێراق کەوتووەتە نێوان دوو ئاراستەی هەرێمییەوە: کاپتاگۆن لە ڕۆژئاواوە و مێتامفیتامین لە ڕۆژهەڵاتەوە؛ لەم نێوەندەشدا ڕێگای باکوور کە بە ناو هەرێمی کوردستاندا تێپەڕ دەبێت، یەکێکە لە سێ ڕێڕەوە بنەڕەتییەکەی گواستنەوە، هاوکات ئاستی بەکارهێنانی ناوخۆییش لە هەڵکشاندایە (UNODC, 2024). هەروەها، توێژینەوەیەکی پێشوو لەسەر زیاتر لە ٢٢ هەزار تۆماری وەزارەتی تەندروستیی عێراق (٢٠٢٠-٢٠٢٣) دەریخستووە کە زۆربەی هەرەزۆری تووشبووان پیاوانن و

پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوور بەرزترین ڕێژەیان تۆمار کردووە (Younis et al., 2025, p. 3). ئەم ئەنجامە لەگەڵ پێداچوونەوەیەکی گۆڤاری ئەدیکشندا یەکدەگرێتەوە کە ئاماژە بە هەڵکشانی بەکارهێنانی ئەلکهول لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکات (Rostam-Abadi et al., 2024, p. 987).

لە ئاستی هەرێمی کوردستاندا، توێژینەوە کلینیکی و مەیدانییەکان چەند ڕەهەندێکی گرنگ دەخەنە ڕوو؛ لە نەخۆشخانەی دەروونیی هەولێر، مێتامفیتامین بە ڕێژەی ٤٥٪ باوترین مادده بووە لە نێو نەخۆشە خەوێنراوەکاندا ، کە زۆربەیان گەنجن و گیرۆدەی نەخۆشیی دەروونیی هاوکات و کێشەی یاسایی بوونەتەوە (Saeed, 2024). لە بەرامبەردا، لە نێو نەخۆشە دەرەکییەکاندا ، بەکارهێنانی دەرمانە ڕێپێدراوەکان (وەک بێنزۆدیازیپین) باوترە، ئەمەش فرەچەشنیی دیاردەکە لە نێوان توێژە جیاوازەکاندا دەسەلمێنێت **(أحمد وعبد السلام، ٢٠٢٤، ص. ٤٢٨).** هەروەها، توێژینەوەیەک لەسەر قوتابیانی هەولێر پەیوەندییەکی بەهێزی لە نێوان گێچەڵپێکردن و بەکارهێنانی ماددەکان دۆزیوەتەوە ( Shawki et al., 2021, p. 487). تێکەڵکردنی ئەم داتایانە لەگەڵ ڕێژەی بەرزی خۆکوشتن لە هەرێمدا، وێنەی فشارێکی بونیادیی بەرفراوانمان بۆ دەردەخات کە ژینگەیەکی لەبار بۆ گەشەی دیاردەی مادده هۆشبەرەکان دەڕەخسێنێت (Ahmed & Heun, 2024, p. 795).لەسەر ئەم بنەمایە، گرنگترین گۆڕانکاریی ئێستا پەیوەستە بە گۆڕانی پێگەی عێراق و هەرێم لە زنجیرەی هەرێمیی مادده هۆشبەرەکاندا. داتاکانی ٢٠١٩-٢٠٢٣ پیشان دەدەن کە عێراق لە وڵاتێکی لاوەکییەوە بووەتە ناوەندێک بۆ یەکگرتنەوەی کاپتاگۆنی ڕۆژئاوا و مێتامفیتامینی ڕۆژهەڵات (UNODC, 2024). ئەم پێگە نوێیە مەترسییەکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە؛ چونکە ئەزموونی جیهانی دەریخستووە هیچ وڵاتێک تەنها وەک ڕێڕەو نامێنێتەوە، بەڵکو بەهۆی نرخە نزمەکەی و دەستکەوتنی ئاسان، وردە وردە خواستێکی ناوخۆیی لێ بەرهەم دێت (Rose, 2023, p. 299). لە ڕووی یاساییەوە، وەڵامدانەوەی دامەزراوەیی بۆ دیاردەی مادده هۆشبەرەکان لە چوارچێوەی دوو یاسای سەرەکیدا چڕبووەتەوە، کە بریتین لە یاسای ژمارە (٥٠)ی ساڵی ٢٠١٧ لە عێراق و یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ لە هەرێمی کوردستان (مجلس النواب العراقي، ٢٠١٧؛ پەرلەمانی کوردستان، ٢٠٢٠). سەرەڕای گرنگیی ئەم ڕێکخستنە یاساییانە، سەرکەوتنی سیاسەتەکان تەنها بە بوونی دەقەکان ناپێورێت، بەڵکو کاراییان بەستراوەتەوە بە ئاستی جێبەجێکردنی کرداری، هەماهەنگیی نێوان دامەزراوەکان و فەراهەمکردنی خزمەتگوزارییەکانی خۆپارێزی و چارەسەرکردن.

### ٥,٢. وێنە شیکارییەکانی توێژینەوەکە

### مادده هۆشبەرەکان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا

ئەم پەرگەیە پێنج وێنەی شیکاری لەخۆدەگرێت کە پێکهاتەی بەشەکانی هەڕەشە و ئاسەوارەکان و شیکردنەوەی تیۆری دەنوێنن.

**وێنەی ژمارە ١.گواستنەوەی سەرچاوەی هەڕەشە لە سنوورەوە بۆ ناو کۆمەڵگا**




کاری توێژەران لەسەر بنەمای ڕاپۆرتەکانی UNODC(2024؛ 2025).

ئەم وێنەیە ئەو ڕێڕەوە چوار قۆناغییە پیشان دەدات کە دیاردەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستاندا تێیدا گۆڕاوە. لە قۆناغی یەکەمدا هەرێم پێگەی ڕێڕەوی تێپەڕبوونی هەبووە، واتە هەڕەشەکە لە ئاستی سنوور و دەوڵەتدا خۆی دەبینییەوە و وەڵامی گونجاوی ئەو قۆناغە ڕێکارە ئەمنییەکان بوون. لەگەڵ دروستبوونی بازاڕی ناوخۆیی، خواست لە ناو کۆمەڵگادا گەشەی کردووە و ئەمەش قۆناغی دووەم پێکدەهێنێت. لە قۆناغی سێیەمدا دیاردەکە دەچێتە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە و گەڕەک و خێزان و قوتابخانە دەبنە ئەو شوێنانەی کە پرۆسەکە تێیاندا کار دەکات؛ گەنجی بێکار پێگەی فرۆشیاری وردە وەردەگرێت، هاوتەمەنان دەبنە ڕێگای فێربوون و فشارە ئابوورییەکان دەبنە پاڵنەری بەکارهێنان. قۆناغی چوارەم ئەو خاڵەیە کە بابەتەکە لە پرسێکی ئەمنییەوە دەبێتە پرسی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، چونکە بونیادی کۆمەڵگا و متمانەی نێوان تاکەکان دەکەونە بەردەم مەترسییەوە. خانەی کۆتای وێنەکە ئەو دەرئەنجامە سیاسەتدانانەیە کە لەم گواستنەوەیەوە دەردەکەوێت، واتە بەرەوپێشچوونی سەرنج بەرەو پێشگیری و کەمکردنەوەی خواست لە ناوخۆدا، لە پاڵ ئەو ڕێکارانەی پەیوەندییان بە کۆنترۆڵی سنوورەوە هەیە. جیاوازیی ڕەنگەکانی وێنەکە هەمان ئەم لۆژیکە دووپات دەکاتەوە: قۆناغی یەکەم بە ڕەنگێکی بێلایەن نیشان دراوە، سێ قۆناغی گۆڕان بە ڕەنگی گەرم، و ئاراستەی سیاسەت بە ڕەنگێکی جیاواز کە دەرگای چارەسەر دەنوێنێت.

**وێنەی ژمارە ٢. پەیوەندیی چوار ڕەهەندی چوارچێوە تیۆرییەکە بە بەڵگە ناوخۆییەکانەوە**




کاری توێژەران لەسەر بنەمای چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە و بەڵگە ناوخۆییەکان.

ئەم وێنەیە چوار ڕەهەندی چوارچێوە تیۆرییەکە لە لای ڕاست دادەنێت و لە بەرامبەریاندا ئەو میکانیزم و بەڵگە ناوخۆییانە دەخاتە ڕوو کە لە بارودۆخی هەرێمی کوردستاندا دەبینرێن. ڕەهەندی پێوەرگەرایی بە تەسکبوونی دەرفەتە ڕەواکان دەگەڕێتەوە، ئەو دۆخەی لە قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچە و بێکاریی گەنجاندا خۆی نیشان دەدات و لەگەڵ ئەو تێگەیشتنەدا دەگونجێت کە مێرتن باسی لێوە دەکات، واتە کۆمەڵگەیەک کە ئامانجەکانی سەرکەوتنی تێدا بەهێزن لە کاتێکدا ڕێگا ڕەواکانی گەیشتن بەوان بۆ بەشێکی فراوانی گەنجان تەسک بوونەتەوە. ڕەهەندی سۆزداری پەیوەندیدارە بە کەڵەکەبوونی هەستی نەرێنییەوە کە لە ئەزموونی شەڕ و ئاستی بەرزی خەمۆکی و گێچەڵپێکردن لە قوتابخانەکاندا خۆی دەردەخات و خواستی دەربازبوون دروست دەکات. ڕەهەندی پەیوەندیگەرایی لاوازیی بەندە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە کە شارنشینیی خێرا و ئاوارەیی و کزبوونی تۆڕی خزمایەتی هێزیان پێداوە، ئەمەش ڕێگرییە ناوخۆییەکانی بەردەم لادان کەم دەکاتەوە. ڕەهەندی بونیادی ئەو پرۆسەیە دەگرێتەوە کە بەکارهێنان لە ناو گرووپی هاوتەمەندا فێر دەکرێت و بەرەبەرە ئاسایی دەبێتەوە، ئەمەش لاوازبوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە.

**وێنەی ژمارە ٣. خولانەوەی فشار و بەکارهێنان و لاوازبوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی**




*سەرچاوە :کاری توێژەران لەسەر بنەمای* (Durkheim (1951 [1897]، Merton (1938)، Bourdieu (1986) و Putnam (2000).

ئەم وێنەیە ئەو تێگەیشتنە خولانەوەییە دەگێڕێتەوە کە لە چوارچێوە تیۆرییەکەدا باس کراوە. خاڵی دەستپێک فشاری کۆمەڵایەتی و ئابوورییە کە لە بێکاری و ناجێگیریی ژیاندا کۆدەبێتەوە، و ئەم فشارە زەمینەی بەکارهێنانی ماددەکان خۆش دەکات، چونکە ماددەکان وەڵامێکی خێرا بۆ خواستی دەربازبوون پێشکەش دەکەن. قۆناغی دواتر ستیگما و گۆشەگیریی خێزانە؛ هەر خێزانێک تووشی ئەم کێشەیە دەبێت، بارگرانیی ئابووری و لێکەوتەی کۆمەڵایەتی دەیخاتە دۆخێکی دابڕاوەوە. لەم دۆخەوە لاوازبوونی متمانە لە گەڕەکەکاندا دەستپێدەکات و سەرمایەی کۆمەڵایەتی، کە پارێزەری بنەڕەتیی کۆمەڵگایە، لاواز دەبێت.

**وێنەی ژمارە ٤. بەراوردی توێژینەوەکان بە سێ زمان و کەلێنی هاوبەش**




کاری توێژەران لەسەر بنەمای پێداچوونەوەی ئەدەبیاتی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی.

ئەم وێنەیە ئەنجامی بەراوردکردنی سێ گرووپی توێژینەوەکان کورت دەکاتەوە. توێژینەوە کوردییەکان نزیکترین وێنە لە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێم دەگرنەوە و دیاردەکە بە زمانی خودی کۆمەڵگا

دەخوێننەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەیان لە ئاستی وەسفیدا دەمێننەوە و پەرەپێدانی تیۆریان کەمە. توێژینەوە عەرەبییەکان لایەنی ئەمنی و کۆمەڵایەتیی نزیک لە دۆخی ناوچەکە دەگرنەوە و بەڵگە لەسەر کاریگەریی بازرگانیی ماددەکان لەسەر بونیادی خێزان و ئاستی توندوتیژی پێشکەش دەکەن. توێژینەوە فارسییەکان وردەکارییەکی زیاتری کولتووری و دەروونییان هەیە و ڕۆڵی پارێزەریی هەندێک ڕەگەزی کولتووری خۆماڵی دەخەنە ڕوو. خانەی خوارەوەی وێنەکە ئەو کەلێنە دەنوێنێت کە هەر سێ گرووپەکە تێیدا هاوبەشن، واتە نەبوونی چوارچێوەیەکی تیۆریی یەکگرتوو کە لایەنی ناوچەیی و بەڵگەی خۆماڵی بە تیۆریی جیهانییەوە ببەستێتەوە. هەر لەم خاڵەوەیە کە توێژینەوەی ئێستا شوێنی خۆی دەدۆزێتەوە، چونکە هەوڵ دەدات پێکهاتەیەکی تیۆریی یەکگرتوو دابنێت کە بەڵگە ناوچەییەکان لە ناویدا مانا بگرن.

وێنەی ژمارە ٥. دوو ڕوانگەی تەواوکەری یەکتر و ئاراستەی سیاسەت




کاری توێژەران لەسەر بنەمای شیکاریی تیۆری و بەڵگەکانی ئەم توێژینەوەیە.

ئەم وێنەیە ئەو دوو ڕوانگەیە بەرامبەر بە یەکتر دادەنێت کە لە بەشی بەڵگە دژبەیەکەکاندا باس کراون. ڕوانگەی ئابووریی سیاسی جەخت لەوە دەکاتەوە کە دیاردەکە لە دەرەوەوە دەستپێدەکات و بە ئابووریی شەڕ و ڕێڕەوی تێپەڕبوونەوە پەیوەندیی هەیە، واتە خستنەڕووی ماددەکان کۆنتێکستێکی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی هەیە. ڕوانگەی کۆمەڵناسی لە بەرامبەردا خواست دەخاتە ناوەندی شیکردنەوەوە و پێی وایە بێکاری و لاوازیی بەندە کۆمەڵایەتییەکان لە ناوخۆدا زەمینەی بەکارهێنان دروست دەکەن. ئەم دوو خوێندنەوەیە یەکتر تەواو دەکەن؛ خستنەڕوو لە دەرەوەوە دێت لە کاتێکدا خواست لە ناوخۆدا گەشە دەکات، بۆیە هەر سیاسەتێک کە بەشێکیان بەجێدەهێڵێت، بەرهەمی سنووردار دەبێت. خانەی خوارەوەی وێنەکە ئەو ئەنجامە تیۆرییە دەگرێتەوە کە سیاسەتی کارا لە هەردوو ئاستی دەرەکی و ناوخۆییدا کار دەکات، واتە کۆنترۆڵی ڕێڕەوەکان لە پاڵ پێشگیری و چارەسەر و بەهێزکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا. لەم ڕوانگەیەوە، جیاوازیی نێوان دوو ئەدەبیاتەکە بەرهەمی تێڕوانینی جیاواز بۆ یەک دیاردەیە و پێکەوەبەستنیان توانای ڕوونکردنەوەی چوارچێوەکە بەهێزتر دەکات.

## دەرئەنجام و پێشنیارەکان

ئەم توێژینەوەیە لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەستی پێکرد کە بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان چۆن ئاسایشی کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان دەخاتە بەر هەڕەشە و چ چوارچێوەیەکی تیۆری دەتوانێت ئەم پەیوەندییە ڕوون بکاتەوە. شیکارییەکە گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە دیاردەکە هەڕەشەیەکی

جەوهەری لەسەر هەر سێ ڕەگەزەکەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، واتە یەکپارچەیی بەهاکان و متمانە و توانای نەوەسازی، و ئەم هەڕەشەیە لە ڕێگەی چوار ئاراستەی لێکبەستراوەوە کار دەکات کە تیۆرە کۆمەڵناسییەکانی لادان و چەمکی سەرمایەی کۆمەڵایەتی پێکەوە دەیانخەنە ڕوو. بەڵگە مەیدانییە نوێیەکانی ساڵانی ٢٠٢١ بۆ ٢٠٢٦، چ لە ئاستی جیهانی و چ لە ئاستی عێراق و هەرێمدا، پشتگیری لەم چوارچێوەیە دەکەن و پیشان دەدەن کە گۆڕانی پێگەی هەرێم لە گوزەرگاوە بۆ بازاڕی خواست، دیاردەکەی لە پرسێکی سنوورییەوە گواستووەتەوە بۆ پرسێکی ناوخۆیی کۆمەڵگا. دەرئەنجامە گشتییەکەش ئەوەیە کە ئاسایشی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە لە توانای ناوخۆیی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت بۆ پاراستنی پەیوەندییەکانی و متمانەکەی و بەهاکانی، و هەر سیاسەتێک کە ئەم توانایە پشتگوێ بخات و پشت بە ئامرازی ئەمنی و بەس ببەستێت، لە باشترین حاڵەتدا دیاردەکە ڕادەگرێت و لە خراپترین حاڵەتدا قووڵتری دەکاتەوە. وەڵامی پرسیارە لاوەکییەکانیش لە کۆی شیکارییەکەدا دەردەکەون. چەمکی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی قوتابخانەی کۆپنهاگن ئەو دەرگایە دەکاتەوە کە دیاردەکە لە ئاستی کۆمەڵگاوە بخوێنرێتەوە نەک هەر لە ئاستی دەوڵەت، و بەمەش ڕێگا بۆ بەکارهێنانی تیۆرە کۆمەڵناسییەکان خۆش دەکات. تیۆرە کۆمەڵناسییەکانیش، کاتێک پێکەوە بەکاردەهێنرێن، چوار میکانیزمی جیاواز دەخەنە بەردەست کە بەڵگە نوێیەکان پشتگیریان دەکەن. گۆڕانی پێگەی هەرێمیش دیاردەکە لە ئاستی سنوورەوە دەگوازێتەوە بۆ ئاستی کۆمەڵگا، و لێرەوە ئاراستەیەکی سیاسەتدانان دەردەکەوێت کە لە چارەسەری ئەمنی بەخۆی تێدەپەڕێت. بەم شێوەیە، هەر چوار پرسیارەکە لە چوارچێوەیەکی یەکگرتوودا وەڵام دەدرێنەوە کە یەکپارچەییەکەی خۆی بەشێکە لە بەشدارییە زانستییەکەی توێژینەوەکە.

بەستنەوەی دەرئەنجامەکان بە ئامانجەکانی توێژینەوە

لە پەیوەندی بە ئامانجی گشتیی توێژینەوە، ئەنجامەکان پیشان دەدەن کە پەیوەندیی نێوان بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی فرەڕەهەندە؛ دیاردەکە تەنها پرسێکی تاوان یان تەندروستی نییە، بەڵکو لە ڕێگەی لاوازکردنی یەکپارچەیی بەهاکان، متمانەی کۆمەڵایەتی و توانای نەوەسازی، هەڕەشەیەکی جەوهەری بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتی دروست دەکات . بەمەش چوارچێوەی تیۆریی یەکگرتووەکەی توێژینەوە، پشتگیریی لە شیکردنەوەی ئەم پەیوەندییە دەکات.

لە پەیوەندی بە ئامانجی تایبەتی یەکەم، شیکاریی چەمکییەکان ڕوونی دەکاتەوە کە قوتابخانەی کۆپنهاگن لەگەڵ کۆمەڵناسیی لادان دەتوانن دیاردەکە لە ئاستی ئەمنی کۆمەڵایەتی و میکانیزمە ناوخۆکۆمەڵایەتییەکانەوە پێکەوە بخوێننەوە؛ بەم شێوەیە، ماددە هۆشبەرەکان وەک هەڕەشەیەکی ناسنامەیی و ڕێکخەری کۆمەڵایەتی هەڵدەسەنگێندرێن، نەک تەنها وەک تاوانێک.

لە پەیوەندی بە ئامانجی تایبەتی دووەم، بەڵگە و ئامارە بەردەستەکانی ساڵانی ٢٠٢١–٢٠٢٦ لە هەرێم و عێراق پشتگیریان لەوە دەکەن کە فشارە پێکهاتەییەکان، تەسکبوونی دەرفەتە ڕەواکان، ستیگما و لاوازبوونی تۆڕەکانی پشتیوانی لە بەکارهێنان و فراوانبوونەوەی دیاردەکەدا میکانیزمی گرنگن .بۆیە تیۆرەکانی ئەنۆمی، فشار و سەرمایەی کۆمەڵایەتی بۆ لێکدانەوەی بارودۆخی نوێی هەرێم گونجاوی شیکارین؛ بەڵام پێویستیان بە تاقیکردنەوەی مەیدانیی داهاتوو هەیە.

**پێشنیارەکان و ئاراستەی جێبەجێکردن**

لەسەر بنەمای ئەو شیکارییە تیۆرییەی پێشکەش کرا، پێشنیارەکان بۆ سیاسەتدانان و توێژینەوەی داهاتوو بۆ دامەزراوەی دیاریکراو ئاراستە کراون، تا بەرپرسیارێتیی جێبەجێکردن ڕوون بێت:

١. بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی ناوخۆ و تەندروستی: گواستنەوەی چەقی سیاسەتەکان لە چارەسەری ئەمنی بەخۆیەوە بۆ ستراتیژییەتێکی هەمەلایەنە کە دابینکردن، خواست و کەمکردنەوەی زیانەکان پێکەوە بگرێتەوە.

٢. بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی گەنجان و وەرزش: دانانی پاراستنی سەرمایەی کۆمەڵایەتی بە ئامانجێکی ڕاشکاوی سیاسەتی گشتی، لە ڕێگەی پشتگیریکردنی خێزانەکان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و دروستکردنی دەرفەتی بەشداریی گەنجان لە چالاکییە کۆمەڵایەتی، وەرزشی و کولتوورییەکاندا.

٣. بۆ وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستی لە پارێزگاکان: فراوانکردنی ژێرخانی چارەسەری ئالوودەبوون لە هەرێمدا و کارکردن لەسەر کەمکردنەوەی ستیگما، چونکە ستیگما ڕێگرییەکی بنەڕەتییە لە بەردەم داواکردنی یارمەتی.

٤. بۆ وەزارەتەکانی ناوخۆ و تەندروستی، دەزگای دادوەری و دەزگای ئامار: دامەزراندنی سیستەمێکی یەکگرتووی داتا بۆ چاودێریکردنی ڕەوتی دیاردەکە بە شێوەیەکی زانستی و هاوکۆڵینی بڕیارەکان.

٥. بۆ زانکۆکان، ناوەندەکانی توێژینەوە و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان: هاندانی توێژینەوەی مەیدانیی هاوبەش لەسەر بنەمای ئەو چوارچێوە تیۆرییەی ئەم توێژینەوەیە پێشکەشی کردووە، بە تایبەتی توێژینەوەی چۆنایەتی لەگەڵ بەکارهێنەران و خێزانەکانیاندا.

٦. بۆ وەزارەتی ناوخۆی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گومرک و دەزگا فیدراڵییە پەیوەندیدارەکان: بەهێزکردنی هاوکاریی هەرێمی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و وڵاتانی دراوسێدا لە بواری کۆنترۆڵی سنوور و هاوبەشکردنی زانیاریدا، لەبەر ئەوەی دیاردەکە لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی سەروسنوورییە.

## سەرچاوەکان


١. احدی، رضا؛ محمدی، شهرام؛ و طغرانگار، حسن. (۱۴۰۱). «عوامل اجتماعی مؤثر بر اعتیاد به مواد مخدر صنعتی (مطالعه موردی: شهر زنجان)». پژوهش‌های حقوق، ۲۱(۴۹)، ۳۱۵–۳۴۳. DOI: 10.48300/jlr.2022.145214 .

٢. أحمد، سناريا عبد الوهاب، وعبد السلام، هيثم. (٢٠٢٤). دور القيم الإسلامية للوقاية من المخدرات. مجلة أبحاث كلية التربية الأساسية، ٢٠(٢,١)، ٤١٨–٤٣١ . https://doi.org/10.33899/berj.2024.184190

٣. امیری، حسین؛ دهقان، حسین؛ و نوروزی، فیض‌الله. (۱۴۰۱). «بررسی تأثیر شبکه‌های اجتماعی محلی بر امنیت جامعوی در شهر تهران». فصلنامه علمی امنیت ملی، سال دوازدهم، شماره چهاردهم، ۳۹–۷۶.

٤. حسين باسم عبد الأمير الياسري، حسين أحمد دخيل السرحان، وميثاق مناحي دشر العيسى. (٢٠٢٣). التأثيرات الاجتماعية لتعاطي المخدرات. مجلة ابن خلدون للدراسات والأبحاث، ٣(٤)، ٢٩١–٣١٥.

٥. خالد مسعود. (٢٠٢١). تقرير المخدرات العالمي (٢٠٢٠): المخدرات النفسانية الجديدة. أوراق السياسات الأمنية, ١-١٠.

٦. مجلس النواب العراقي .(2017) .قانون المخدرات والمؤثرات العقلية رقم (50)لسنة 2017الوقائع العراقية، العدد .(4446).

٧. رجبلو، جعفر؛ اسلامی، محمدحسین؛ و خان‌محمدی، احسان. (۱۴۰۴). «از اعتیاد تا توسعه‌نیافتگی؛ تحلیل کیفی پیامدهای مواد مخدر بر توسعه اجتماعی در ایران». مطالعات جامعه‌شناختی توسعه پایدار، ۱(۲). https://en.civilica.com/doc/2529004/ .

٨. پەرلەمانی کوردستان .(2020) .یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠) :یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان.

٩. ڕەحمان، هاوکار ڕەفیق. (٢٠٢١). «هەڕەشەی ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان و ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوە». گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە (١٠)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی.

١٠. الكوثر عبد الباري حسين. (٢٠٢٥). السياسات العامة لتعزيز الأمن المجتمعي في العراق بعد عام ٢٠٠٣. مجلة العلوم السياسية, (٦٩), ١٨٥-٢٠٨.

11. Agnew, R. (1992) Foundation for a general strain theory of crime and delinquency. Criminology, 30(1), 47-88. https://doi.org/10.1111/j.1745-9125.1992.tb01093.x

12. Ahmed, A. B., & Hamasalih, K. S. (2025). Drugs and National Security of the Kurdistan Region: Study of the causes and solutions. QALAAI ZANIST SCIENTIFIC JOURNAL, 10(3), 203-244.

13. Ahmed, D.R. and Heun, R. (2024) A systematic review of the epidemiology of suicide in Iraq and Kurdistan region. Journal of

Affective Disorders, 351, 790-798. https://doi.org/10.1016/j.jad.2024.02.016

14. Akers, R.L. and Jennings, W.G. (2019) The social learning theory of crime and deviance. In: Krohn, M.D., Hendrix, N., Penly Hall, G. and Lizotte, A.J. (eds.) Handbook on Crime and Deviance. 2nd edn. Cham: Springer, 113-129. https://doi.org/10.1007/978-3-030-20779-3_6
15. Al-Issawi, A. R. J. M., & Al-Kubaisi, I. K. I. (2024). Social, psychological and media dimensions and their relationship to addiction (An applied study at the Anbar Rehabilitation Center). College of Basic Education Research Journal, 20(2.1), 71-84.
16. Balzacq, T. (2005) The three faces of securitization: Political agency, audience and context. European Journal of International Relations, 11(2), 171-201. https://doi.org/10.1177/1354066105052960
17. Becker, H.S. (1963) Outsiders: Studies in the Sociology of Deviance. New York: The Free Press.
18. Bourdieu, P. (1986) The forms of capital. In: Richardson, J.G. (ed.) Handbook of Theory and Research for the Sociology of Education. New York: Greenwood Press, 241-258.
19. Buzan, B., Wæver, O. and de Wilde, J. (1998) Security: A New Framework for Analysis. Boulder, CO: Lynne Rienner Publishers.
20. Collins, A.M. and Menard, S. (2021) Anomie and adult crime. Journal of Developmental and Life-Course Criminology, 7(3), 420-448. https://doi.org/10.1007/s40865-021-00169-5
21. Durkheim, É. (1951 [1897]) Suicide: A Study in Sociology. Translated by J.A. Spaulding and G. Simpson. New York: The Free Press.
22. Fong, S., Carollo, A., Prevete, E., Ho, C.S.H. and Esposito, G. (2024) Captagon: A comprehensive bibliometric analysis (1962-2024) of its global impact, health and mortality risks. Saudi Pharmaceutical Journal, 32(11), 102188. https://doi.org/10.1016/j.jsps.2024.102188
23. Hirschi, T. (2017) Causes of Delinquency. New York: Routledge. https://doi.org/10.4324/9781315081649
24. Issa, S. O., & Qader, P. R. (2021). Analysis of Societal security and Environment Security issues in Kurdistan-Iraq region from the perspective of the Copenhagen School after 2017. QALAAI ZANIST SCIENTIFIC JOURNAL, 6(3), 24-74.
25. Kawachi, I. (2026). Social cohesion, social capital and mental health: current evidence and future research directions. World Psychiatry, 25(2), 168-189.

26. Lin, C., Cousins, S.J., Zhu, Y., Clingan, S.E., Mooney, L.J., Kan, E., Wu, F. and Hser, Y.-I. (2024) A scoping review of social determinants of health's impact on substance use disorders over the life course. Journal of Substance Use and Addiction Treatment, 166, 209484. https://doi.org/10.1016/j.josat.2024.209484
27. McSweeney, B. (1996) Identity and security: Buzan and the Copenhagen school. Review of International Studies, 22(1), 81-93. https://doi.org/10.1017/S0260210500118467
28. Merton, R.K. (1938) Social structure and anomie. American Sociological Review, 3(5), 672-682. https://doi.org/10.2307/2084686
29. Mohammad, A.A.S., Al-Hawary, S.I.S., Vasudevan, A. et al. (2025) Fenethylline (Captagon) in West Asia: chemical profile, socio-political drivers, public health impact, and strategies for regional control. Journal of Addictive Diseases, 1-9. https://doi.org/10.1080/10550887.2025.2573355
30. Ogwu, M.C., Malík, M. and Tlustoš, P. (2025) The psychostimulant drug, fenethylline (captagon): Health risks, addiction and the global impact of illicit trade. Drug and Alcohol Dependence Reports, 15, 100323. https://doi.org/10.1016/j.dadr.2025.100323
31. Putnam, R.D. (2000) Bowling Alone: The Collapse and Revival of American Community. New York: Simon and Schuster.
32. Rocheleau, G.C., Olson, J.T. and Vito, A.G. (2023) Victimization, negative emotions, and substance use: Variability in general strain theory processes by marriage and relationship quality. Criminology and Criminal Justice, 25(3), 870-889. https://doi.org/10.1177/17488958231158469
33. Rose, C. (2023) The reach of the trade in Captagon beyond the Middle East. European View, 22(2), 295-303. https://doi.org/10.1177/17816858231205755
34. Rostam-Abadi, Y., Gholami, J., Shadloo, B. et al. (2024) Alcohol use, alcohol use disorder and heavy episodic drinking in the Eastern Mediterranean region: A systematic review. Addiction, 119(6), 984-997. https://doi.org/10.1111/add.16444
35. Saeed, B.A. (2024) Sociodemographic and clinical profiles of patients with substance use disorders admitted to a psychiatric hospital in Erbil: A retrospective study. Cureus, 16(12), e75483. https://doi.org/10.7759/cureus.75483
36. Shawki, B., Al-Hadithi, T.S. and Shabila, N.P. (2021) Association of bullying behaviour with smoking, alcohol use and drug use among

school students in Erbil City, Iraq. Eastern Mediterranean Health Journal, 27(5), 483-490. https://doi.org/10.26719/2021.27.5.483

37. Steele, J.L. and Durkin, K.F. (2024) Beyond urban centers: Investigating general strain theory and opioid use among rural adolescents. Journal of Criminal Justice, 95, 102307. https://doi.org/10.1016/j.jcrimjus.2024.102307

38. Steenkamp, C. (2024) Captagon and conflict: Drugs and war on the border between Jordan and Syria. Mediterranean Politics, 30(3), 478-502. https://doi.org/10.1080/13629395.2023.2297121

39. United Nations Office on Drugs and Crime (2024) Drug Trafficking Dynamics across Iraq and the Middle East (2019-2023): Trends and Responses. Vienna: UNODC. Available at: https://www.unodc.org/documents/data-and-analysis/Iraq/Iraq_regional_dynamics_report_2024.pdf

40. United Nations Office on Drugs and Crime (2025) World Drug Report 2025. Vienna: UNODC. Available at: https://www.unodc.org/unodc/en/data-and-analysis/world-drug-report-2025.html

41. Vigdal, M.I., Moltu, C., Bjørnestad, J. and Selseng, L.B. (2022) Social recovery in substance use disorder: A metasynthesis of qualitative studies. Drug and Alcohol Review, 41(4), 974-987. https://doi.org/10.1111/dar.13434

42. World Health Organization (1994) Lexicon of Alcohol and Drug Terms. Geneva: World Health Organization.

43. Younis, N.M., Ahmed, M.M. and Majeed, H.M. (2025) Epidemiological profile of substance abuse in Iraq: Retrospective study. Journal of Education and Health Promotion, 14(1). https://doi.org/10.4103/jehp.jehp_1139_24

Sources

1. Ahadi, Reza; Mohammadi, Shahram; and Toghrangar, Hassan. (1401 AH). "Social Factors Affecting Addiction to Industrial Drugs (Reference Study: Zanjan)". Legal Studies, 21(49), 315–343. DOI: 10.48300/jlr.2022.145214.

2. Ahmad, Sanaria Abdel Wahab, and Abdel Salam, Haitham. (2024). The Role of Islamic Values in Drug Prevention. Journal of Basic Education Research, 20(2.1), 418–431. https://doi.org/10.33899/berj.2024.184190

3. Amiri, Hossein; Dehghan, Hossein; Nowruzi, Feyzollah. (1401 AH). "A Study of the Impact of Local Social Networks on University Security in

Tehran." National Security Scientific Quarterly, Volume 12, Issue 4, pp. 39–76.

4. Hussein Basim Abdul-Amir Al-Yassiri, Hussein Ahmed Dakhil Al-Sarhan, and Mithaq Manahi Dashar Al-Issa. (2023). The Social Effects of Drug Use. Ibn Khaldun Journal of Studies and Research, 3(4), pp. 291–315.

5. Khalid Masoud. (2021). World Drug Report (2020): New Psychotropic Drugs. Security Policy Papers, pp. 1–10.

6. Iraqi Council of Representatives. (2017). Narcotic Drugs and Psychotropic Substances Law No. (50) of 2017. Iraqi Gazette, Issue (4446).

7. Rajablou, Jaafar; Islami, Muhammad Hussein; And Khan Mohammadi, Ehsan. (1404). "As we become accustomed to New York City expansion; A qualitative analysis of narcotic substances during their social expansion in Iran. Reviews of Shanakhti University, Baydar Expansion, 1(2). https://en.civilica.com/doc/2529004/.

8. Parliament of Kurdistan. (2020). This is the story (1) and the world (2020): This is the story of the world and the history of Kurdistan.

9. Ahman, Hawar Hafiq. (2021). "This is what happened to the Hierarchy of Kurdistan and the Kurdistan Region." Foreign language, language (10), language and language technology.

10. Al-Kawthar Abdul Bari Hussein. (2025). Public policies to enhance societal security in Iraq after 2003. Journal of Political Science, (69), 185-208.

1. Agnew, R. (1992) Foundation for a general strain theory of crime and delinquency. Criminology, 30(1), 47-88. https://doi.org/10.1111/j.1745-9125.1992.tb01093.x
2. Ahmed, A. B., & Hamasalih, K. S. (2025). Drugs and National Security of the Kurdistan Region: Study of the causes and solutions. QALAAI ZANIST SCIENTIFIC JOURNAL, 10(3), 203-244.
3. Ahmed, D.R. and Heun, R. (2024) A systematic review of the epidemiology of suicide in Iraq and Kurdistan region. Journal of Affective Disorders, 351, 790-798. https://doi.org/10.1016/j.jad.2024.02.016
4. Akers, R.L. and Jennings, W.G. (2019) The social learning theory of crime and deviance. In: Krohn, M.D., Hendrix, N., Penly Hall, G. and Lizotte, A.J. (eds.) Handbook on Crime and Deviance. 2nd edn. Cham: Springer, 113-129. https://doi.org/10.1007/978-3-030-20779-3_6
5. Al-Issawi, A. R. J. M., & Al-Kubaisi, I. K. I. (2024). Social, psychological and media dimensions and their relationship to addiction (An applied study at the Anbar Rehabilitation Center). College of Basic Education Research Journal, 20(2.1), 71-84.

6. Balzacq, T. (2005) The three faces of securitization: Political agency, audience and context. European Journal of International Relations, 11(2), 171-201. https://doi.org/10.1177/1354066105052960
7. Becker, H.S. (1963) Outsiders: Studies in the Sociology of Deviance. New York: The Free Press.
8. Bourdieu, P. (1986) The forms of capital. In: Richardson, J.G. (ed.) Handbook of Theory and Research for the Sociology of Education. New York: Greenwood Press, 241-258.
9. Buzan, B., Wæver, O. and de Wilde, J. (1998) Security: A New Framework for Analysis. Boulder, CO: Lynne Rienner Publishers.
10. Collins, A.M. and Menard, S. (2021) Anomie and adult crime. Journal of Developmental and Life-Course Criminology, 7(3), 420-448. https://doi.org/10.1007/s40865-021-00169-5
11. Durkheim, É. (1951 [1897]) Suicide: A Study in Sociology. Translated by J.A. Spaulding and G. Simpson. New York: The Free Press.
12. Fong, S., Carollo, A., Prevete, E., Ho, C.S.H. and Esposito, G. (2024) Captagon: A comprehensive bibliometric analysis (1962-2024) of its global impact, health and mortality risks. Saudi Pharmaceutical Journal, 32(11), 102188. https://doi.org/10.1016/j.jsps.2024.102188
13. Hirschi, T. (2017) Causes of Delinquency. New York: Routledge. https://doi.org/10.4324/9781315081649
14. Issa, S. O., & Qader, P. R. (2021). Analysis of Societal security and Environment Security issues in Kurdistan-Iraq region from the perspective of the Copenhagen School after 2017. QALAAI ZANIST SCIENTIFIC JOURNAL, 6(3), 24-74.
15. Kawachi, I. (2026). Social cohesion, social capital and mental health: current evidence and future research directions. World Psychiatry, 25(2), 168-189.
16. Lin, C., Cousins, S.J., Zhu, Y., Clingan, S.E., Mooney, L.J., Kan, E., Wu, F. and Hser, Y.-I. (2024) A scoping review of social determinants of health's impact on substance use disorders over the life course. Journal of Substance Use and Addiction Treatment, 166, 209484. https://doi.org/10.1016/j.josat.2024.209484
17. McSweeney, B. (1996) Identity and security: Buzan and the Copenhagen school. Review of International Studies, 22(1), 81-93. https://doi.org/10.1017/S0260210500118467
18. Merton, R.K. (1938) Social structure and anomie. American Sociological Review, 3(5), 672-682. https://doi.org/10.2307/2084686

19. Mohammad, A.A.S., Al-Hawary, S.I.S., Vasudevan, A. et al. (2025) Fenethylline (Captagon) in West Asia: chemical profile, socio-political drivers, public health impact, and strategies for regional control. Journal of Addictive Diseases, 1-9. https://doi.org/10.1080/10550887.2025.2573355
20. Ogwu, M.C., Malík, M. and Tlustoš, P. (2025) The psychostimulant drug, fenethylline (captagon): Health risks, addiction and the global impact of illicit trade. Drug and Alcohol Dependence Reports, 15, 100323. https://doi.org/10.1016/j.dadr.2025.100323
21. Putnam, R.D. (2000) Bowling Alone: The Collapse and Revival of American Community. New York: Simon and Schuster.
22. Rocheleau, G.C., Olson, J.T. and Vito, A.G. (2023) Victimization, negative emotions, and substance use: Variability in general strain theory processes by marriage and relationship quality. Criminology and Criminal Justice, 25(3), 870-889. https://doi.org/10.1177/17488958231158469
23. Rose, C. (2023) The reach of the trade in Captagon beyond the Middle East. European View, 22(2), 295-303. https://doi.org/10.1177/17816858231205755
24. Rostam-Abadi, Y., Gholami, J., Shadloo, B. et al. (2024) Alcohol use, alcohol use disorder and heavy episodic drinking in the Eastern Mediterranean region: A systematic review. Addiction, 119(6), 984-997. https://doi.org/10.1111/add.16444
25. Saeed, B.A. (2024) Sociodemographic and clinical profiles of patients with substance use disorders admitted to a psychiatric hospital in Erbil: A retrospective study. Cureus, 16(12), e75483. https://doi.org/10.7759/cureus.75483
26. Shawki, B., Al-Hadithi, T.S. and Shabila, N.P. (2021) Association of bullying behaviour with smoking, alcohol use and drug use among school students in Erbil City, Iraq. Eastern Mediterranean Health Journal, 27(5), 483-490. https://doi.org/10.26719/2021.27.5.483
27. Steele, J.L. and Durkin, K.F. (2024) Beyond urban centers: Investigating general strain theory and opioid use among rural adolescents. Journal of Criminal Justice, 95, 102307. https://doi.org/10.1016/j.jcrimjus.2024.102307
28. Steenkamp, C. (2024) Captagon and conflict: Drugs and war on the border between Jordan and Syria. Mediterranean Politics, 30(3), 478-502. https://doi.org/10.1080/13629395.2023.2297121
29. United Nations Office on Drugs and Crime (2024) Drug Trafficking Dynamics across Iraq and the Middle East (2019-2023): Trends and

Responses. Vienna: UNODC. Available at: https://www.unodc.org/documents/data-and-analysis/Iraq/Iraq_regional_dynamics_report_2024.pdf

30. United Nations Office on Drugs and Crime (2025) World Drug Report 2025. Vienna: UNODC. Available at: https://www.unodc.org/unodc/en/data-and-analysis/world-drug-report-2025.html

31. Vigdal, M.I., Moltu, C., Bjørnestad, J. and Selseng, L.B. (2022) Social recovery in substance use disorder: A metasynthesis of qualitative studies. Drug and Alcohol Review, 41(4), 974-987. https://doi.org/10.1111/dar.13434

32. World Health Organization (1994) Lexicon of Alcohol and Drug Terms. Geneva: World Health Organization.

33. Younis, N.M., Ahmed, M.M. and Majeed, H.M. (2025) Epidemiological profile of substance abuse in Iraq: Retrospective study. Journal of Education and Health Promotion, 14(1). https://doi.org/10.4103/jehp.jehp_1139_24